خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5752) یەک شەممە 19ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی حزبی حەل دەکات

جەخت لە خێراکردنی پڕۆسەی تەواوکردنی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراقی کرایەوە



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/5/16 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە جەمال کەربولی سەرۆکی حزبی حەل کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق تاوتوێ کرا و هەروەها جەخت لە پاڵپشتیکردنی حکوومەتی نوێی عێراق و خێراکردنی پڕۆسەی تەواوکردنی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراقی کرایەوە. هەر لەو دیدارەدا تەئکید لە هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان هەردوولا کرایەوە.

بەرلەمانتارێک: هیچ مەترسییەک لەسەر هاوواڵتیان و دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا لە هەرێم نییە

بڕیاری ئەمەریکا بۆ ڕاگرتنی ڤیزا و مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە، پەرلەمانی کوردستانی هێناوەتە دەنگ و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانیش دەڵێ، هیچ مەترسییەک بۆ سەر هاوواڵتیان و دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا.

(زیاتر لە ل 2 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی بێلاڕووسیا پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دووپات دەکەنەوە

ژینگەی لەباری وەبەرهێنان و سەقامگیریی ئاسایش هاوکارن بۆ هاتنی وەبەرهێنانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەڕێز ئەندرێ سافینگ باڵیۆزی بێلاڕووسیا لە عێراق، پوختەیەکی دەربارەی شەڕی دژی داعش و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران، ئەو هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەرفەت و بوارەکانی هاوکاریی نێوان هەرێم و بێلاڕووسیا، پێشکەش کرد.

قەیرانانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە، دۆخی ئێستای هەرێم، باشبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا،

ئەمڕۆ ناوی کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکرێت 2

ئیکسۆن مۆبیل گەورە کۆمپانیای نەوتیی ئەمەریکی لە بەسرە کشایەوە 3

جێگری سوپاسالاری پێشمەرگە: حەوت وڵات مەشق بە هێزی پێشمەرگە دەکەن

جێگری سوپاسالاری پێشمەرگە بۆ ئۆپەراسیۆنەکان دەڵێت، چەند ڕۆژێک بوو مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە ڕاگیرابوو، بەڵام ئەمڕۆ جارێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە و پێشمەرگە مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت. لیوا قارەمان کەمال، بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: ماوەی چەند ڕۆژێک بوو لەسەر داواکاریی هاوپەیمانان مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە ڕاگیرابوو، کە هیچ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە نەبوو و ئەوان خۆیان داوایان کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ دەستپێدەکاتەوە. بەگوتەی لیوا قارەمان، وەک پێشوو، لە ئەمڕۆوە حەوت وڵاتی سەر بە هاوپەیمانان مەشق بە هێزی پێشمەرگە دەکەن. شایەنی باسە وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی داعش دەستیانکرد بە مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، تەنانەت چەند لیوایەکی هێزی پێشمەرگەش لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە ڕاهێنانیان پێ کرا و چەکدارکران، هاوکات زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش بەشدارن لە ڕاهێنان و مەشقکردن بە هێزی پێشمەرگە بۆ ئەوەی لەسەر پێشکەوتووترین سیستەمی سەربازیی جیهانی ڕابهێندرێن.



لە مۆزەخانەی بۆمبە دروستکراوەکانی داعش لە کۆڕێ 120جۆر چەک و بۆمب و کەلوپەلی بەکارهاتووی داعش نمایشکراون



ئەڵمانیا: مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی بە پێشمەرگەو هێزەکانی عێراق دەست پێدەکەینەوە



لە فەڕەنسا خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان مانگی شەشەمی تەواو کرد



ئەمساڵ هیچ هەڵبژاردنێک لە عێراق ئەنجام نادرێت

ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا لەبارەی ئێرانەوە ناڕوونە

ئەندامی لیژنەی هەواڵگری ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، جیم هیمەس، ڕایگەیاند کە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی تایبەت بە ئێران زۆر ناڕوونە. هیمەس لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی هەواڵی دەیلی بێستی ئەمەریکی باسی لەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییانەی واشنتۆن کرد سەبارەت بەئێران. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییانەی کۆنگرێسوەتەوە کە باس لە زیادبوونی هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەکەن و ڕایگەیاند تێگەیشتن لە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکە سەختە. هیمەس باسی لەوە کرد هەڵوێستی شەڕەنگێزی کۆشکی سپی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژ بە ئێران بووەتە هۆکاری سەرەکی گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات و گوتی: ئەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییانەی لێکۆڵینەوەم بۆ کردووە زۆر ناڕوونە.

www.xebat.net
پەک شەممە 2019/5/19 ژمارە (5752)
خەبات

پەرلەمانتارێک: هیچ مەترسییەک لەسەر هاووڵاتیان و دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا لە هەرێم نییە

بڕیاری ئەمەریکا بۆ ڕاگرتنی ڤیزا و مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە، پەرلەمانی کوردستانی هێناوەتە دەنگ و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانیش دەڵێ، هیچ مەترسییەک بۆ سەر هاووڵاتیان و دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان نییە. دکتۆر ڕێبوار بابەکەیی، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ڕاستە ناوچەکە بە هۆی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانەوە ئالۆزی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام هیچ مەترسییەک بۆ سەر هاووڵاتیان و دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان نییە و ڕەوشی ئەمنی زۆر سەقامگیرە.

سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەشڵێت: ئێمە دڵنگرانین بەو دوو بڕیارەی ئەمەریکا بۆ ڕاگرتنی ڤیزا بە هاووڵاتیانی خۆی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕاگرتنی مەشق و ڕاهێنانەکانیان بە هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە ڕەوشی هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و پێویستە ئەمەریکا ئەوە لە بەرچاو بگرێت. ئامارژی بۆ ئەوەش کرد: داوا لە ئەمەریکا دەکەین بە بڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوە و پێشبینی دەکەین ئەو بڕیارەی دەربارەی عێراق دەریکردووە، هەرێمی کوردستان وەدەر بنێ، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان دەزانین هیچ هێزێک نییە لە هەرێمی کوردستان مەشق و ڕاهێنان لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانەوە ببینێ و ئینتیمای بۆ وڵاتانی ناوچەکە هەبێت.

دەشڵێ: پەیامی خۆمان بە ئەمەریکا و هاوپەیمانان دەگەیەنین و دڵنیایان دەکەینەوە لەوەی ژیانیان لە هەرێمی کوردستان پارێزراو دەبێت و پێویستە ئەوانیش ئەو سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستانیان لە بەرچاو بێت.

ڕووسیا نایەوێت لە کۆنسەی ئەورووپا بچێتە دەرەوە

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ ئاشکرایکرد وڵاتەکەی نیازی نییە لە کۆنسەی ئەورووپا بچێتە دەرەوە و دەستبەرداری بەرپرسیارێتییەکانی نابێت. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاوە بڵاوکراوەتەوە، ئامارژە بەوەکراوە سێرگی لاڤرۆڤ لە میانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی وەزیرانی ئەورووپا کە لە هێلسینکی پایتەختی فینلەندا بەڕێوەدەچێت، گوتارێکی پێشکەشکردووە.

لە میانی گوتارەکەدا لاڤرۆڤ وێڕای ئامارژەدان بەوەی کە ڕووسیا لە چوارچێوەی نۆرمە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی کۆنسەی ئەورووپادا دڕێژە بەکارکردن دەدات و ڕایگەیاندووە: لەبەرامبەر ئەو دەنگۆیانەی کە بڵاودەکرێنەوە، ئێمە نامانەوێت لە کۆنسەی ئەورووپا بێینە دەرەوە. دەستبەرداری هیچ یەکێک لە بەرپرسیارێتییەکانمان بە بەرپرسیارێتییە دارایییەکانیشەوە، نابین. لاڤرۆڤ تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە وڵاتەکەی پشتیوانیی لە داکۆکیکارانی یەکپارچەیی کۆنسەی ئەورووپا دەکات و ڕایگەیاندووە: بەتایبەت گرنگە کە یەکگرتوویی ئەورووپا لە بابەتەکانی ماددە هۆشبەرەکان، کۆچی ڕێکنەخراو، کۆیلایەتی مۆدێرن و مەترسییەکانی بەکارهێنانی زیانبەخشی زیرەکیی دەستکرد، دەستەبەربکرێت.

ئەمڕۆ ناوی کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکرێت

فرسەت سۆفی: پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی ماوەی یاسایی بەڕێوەدەچێت



ئەمڕۆ یەکشەممە 19ی ئایاری 2019 ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکرێت کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندیدکردووە. خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، دوێنێ شەممە بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە کە ڕۆژدا دادگای تەمیز تانەکان یەکلایی دەکاتەوە و پاشان دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژدا وادەیەک بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دادەنێت. ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان باسی لەوەشکردووە بەپێی ڕێکارەکان پێدەچێت لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا وادەکە دیاری بکرێت.

هەروەها فرسەت سۆفی، ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی ڕایگەیاند: پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی ئەو ماوە یاساییەی دیاری کراوە، دەڕوات بەڕێوە، ئەوەندەی من بزانم، نە ڕۆژێک دوادەکەوێت و نە پێش دەخرێت، ماوەی یاسایی بەپێی یاسای تایبەت بە کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی بە جۆرێک دەبێت کە سێ ڕۆژ بۆ خۆپاڵاوتن، دوو ڕۆژ بۆ تانەدان، دوو ڕۆژ بۆ دادگای تەمیز و حەوت ڕۆژ بۆ سوێندخواردن. فرسەت سۆفی ئەوەشی ئاشکراکردووە کە سەرۆک بارزانی خواستی ئەوەی هەیە، پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکلایی ببێتەوە و بە تەواوەتی ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ماوەی یاسایی هەیە، ئەوا دەبێت بەپێی ڕێکارەکان ئەنجامبدرێت.

بەپێی ئەو ماوە یاساییانەی کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانراوە، سەرۆکی هەرێم لە ڕۆژی 26ی5ی2019 یان ڕۆژێک دواتر سوێندی یاسایی دەخوات و لە سەرەتای مانگی 6ی داهاتوودا، مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وەک کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێردرێت.

ئەمەریکا لەبارەی گەشتە ئاسمانییەکانی سەر کەنداو هۆشداری دەدات



فەرمانگەی فڕۆکەوانی فیدراڵی لە ئەمەریکا بەهۆی گرژییە سەربازیی و سیاسییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران هۆشداری دا لە مەترسی ئەمنی بەو کۆمپانیا فڕۆکەوانیانەی گەشتە ئاسمانییەکانیان بە سەر کەنداوی بەسرا و کەنداوی عومانداا ئەنجام دەدەن.

فەرمانگەی فڕۆکەوانی فیدراڵی لە ئەمەریکا لە هۆشداریەکەیدا کە لە ڕێگای باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە کوێت و ئیمارات باڵاوی کردۆتەوە ڕایگەیاندووە کە بەهۆی گرژییە سیاسییەکان و جموجۆڵە سەربازییەکان لە ناوچەکە ئەو گەشتە ئاسمانیانەی بەسەر کەنداوی بەسرا و عومانداا ئەنجام دەدرێن "پێناسەکردنی هەڵە" دەبنەوە. لە هۆشداریەکەدا ئامارژە بەوە دراوە کە لەوانەیە لە دەرەوەڕا بتواندرێ دەستوەربدرێتە سیستەمی هاتوچۆی فڕۆکەکان یان بێتەوەی پێشتر هۆشداری بدرێت پەیوەندییەکان ببڕێندرێن. لە هۆشداریەکەدا ڕووداوەکەی 1988 لە کاتی پێکدادانێکی دەریایی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە کەنداوی بەسرا بە بیرهێندراوەتەوە کە فڕۆکەی جەنگی USS Vin-cennes سەر بە هێزی دەریایی ئەمەریکا وایزانیبوو فڕۆکەی Airbus A300 سەر بە هێڵی ئاسمانی ئێران لە کاتێکدا گەشتی ئاسمانی بۆ دوبەی ئەنجام دابوو فڕۆکەی جەنگی ئێف-14ی ئێرانییە بۆیە فڕۆکەکەی کردبووە ئامانج. لە ئاکامیشدا 290 کەس گیانیان لەدەست دا کە 66یان منداڵ بوون.

ئەمەریکا مامەڵەی بازرگانییە تایبەتەکانی لەگەڵ تورکیا ڕادەگرێت



لە ڕاگەیەندراوێکدا دۆنالد تڕەمپ ڕایگەیاندووە، ئەمەریکا، تورکیای لە لیستی سیستەمی مامەڵەی بازرگانیی تایبەت دەرکردوە، بەمەش ئەمەریکا مامەڵە بازرگانییە تایبەتەکانی لەگەڵ ئەنقەرە ڕادەگرێت. ڕۆژی هەینی 2019/5/17 دۆنالد تڕەمپ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە تیایدا هاتووە "بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی گەشەپێدانی ئابووریی تورکیا، کۆشکی سپی گەیشتوەتە ئەو دەرئەنجامەی باشترە ئەمەریکا ئەو بازرگانییە تایبەتە لەگەڵ ئەنقەرە هەڵبوەشێنێتەوە و لیستی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان دەری بکات کە لەو سیستەمەی ئەمەریکا سودمەند دەبن. لە بەیاننامەکەدا ئەوەش هاتووە کە پێشتر و لە 4ی مارسی 2019 دۆنالد تڕەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا کۆنگرێس و بەرپرسانی تورکیاشی لەو بڕیارەی ئاگادار کردوەتەوە.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا تڕەمپ ئاشکرایکردووە ڕۆژی 4ی ئادار زانیاریی داوەتە کۆنگرێس کە نیازی ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیەی هەیە و دوای ئەوەی ڕێکاری پێویستی لە بەشی پەیوەستدا ئەنجامداوە، تورکیای لە لیستی ئەو وڵاتانە دەرهێناوە کە ئەمەریکا لە باج بەخشیونی. جێی باسە لە میانی بەرنامەی سیستەمی بژاردە گشتێنەراوەکان کە لە 1974ەوە لە ئەمەریکا کاری پێ دەکرێت و لە 1975ەوە تورکیا لەو سیستەمە وەرگیرا نزیکەی چوار هەزار جۆر کالا و کەلوپەلی 121 وڵات کە لەگەڵ پێوەندانگەکان گونجاون بێپێدانی گومرگ دەچنە بازاڕەکانی ئەمەریکا. لە میانی ئەو بەرنامەیەدا ژمارەیەک کالا و بەرهەمی وەک کشتوکاڵی، پارچەکانی ئۆتۆمبێل، بەردی بە نرخ و خشڵ، پلاستیک لە تورکیاوە هاوردەی ئەمەریکا دەکران.

ئەمەریکا لەبارەی گەشتە ئاسمانییەکانی سەر کەنداو هۆشداری دەدات

فەرمانگەی فڕۆکەوانی فیدراڵی لە ئەمەریکا بەهۆی گرژییە سەربازیی و سیاسییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران هۆشداری دا لە مەترسی ئەمنی بەو کۆمپانیا فڕۆکەوانیانەی گەشتە ئاسمانییەکانیان بە سەر کەنداوی بەسرا و کەنداوی عومانداا ئەنجام دەدەن.

فەرمانگەی فڕۆکەوانی فیدراڵی لە ئەمەریکا لە هۆشداریەکەیدا کە لە ڕێگای باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە کوێت و ئیمارات باڵاوی کردۆتەوە ڕایگەیاندووە کە بەهۆی گرژییە سیاسییەکان و جموجۆڵە سەربازییەکان لە ناوچەکە ئەو گەشتە ئاسمانیانەی بەسەر کەنداوی بەسرا و عومانداا ئەنجام دەدرێن "پێناسەکردنی هەڵە" دەبنەوە. لە هۆشداریەکەدا ئامارژە بەوە دراوە کە لەوانەیە لە دەرەوەڕا بتواندرێ دەستوەربدرێتە سیستەمی هاتوچۆی فڕۆکەکان یان بێتەوەی پێشتر هۆشداری بدرێت پەیوەندییەکان ببڕێندرێن. لە هۆشداریەکەدا ڕووداوەکەی 1988 لە کاتی پێکدادانێکی دەریایی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە کەنداوی بەسرا بە بیرهێندراوەتەوە کە فڕۆکەی جەنگی USS Vin-cennes سەر بە هێزی دەریایی ئەمەریکا وایزانیبوو فڕۆکەی Airbus A300 سەر بە هێڵی ئاسمانی ئێران لە کاتێکدا گەشتی ئاسمانی بۆ دوبەی ئەنجام دابوو فڕۆکەی جەنگی ئێف-14ی ئێرانییە بۆیە فڕۆکەکەی کردبووە ئامانج. لە ئاکامیشدا 290 کەس گیانیان لەدەست دا کە 66یان منداڵ بوون.

نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی بێلاڕووسیا پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دووپات دەکەنەوە

ژینگەی لەباری وەبەرهێنان و سەقامگیریی ئاسایش هاوکارن بۆ هاتنی وەبەرهێنانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەڕێز ئەندرێ سافینگ باڵیۆزی بێلاڕووسیا لە عێراق، پوختەیەکی دەربارەی شەڕی دژی داعش و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران، ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە، دۆخی ئێستای هەرێم، باشبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا، هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەفعەت و بوارەکانی هاوکاریی نێوان هەرێم و بێلاڕووسیا، پێشکەش کرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی رۆژی پێنجشەممە 2019/5/16 لە هەولێر بەڕێوەچوو و بەڕێز فوئاد مامەند حەمەد کونسوڵی فەخریی بێلاڕووسیا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، بەڕێز سافینگ ستایشی ڕۆڵی بەغدا، هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەفعەت و بوارەکانی هاوکاریی نێوان هەرێم و بێلاڕووسیا، پێشکەشی کرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی رۆژی پێنجشەممە 2019/5/16 لە هەولێر بەڕێوەچوو و بەڕێز فوئاد مامەند حەمەد کونسوڵی فەخریی بێلاڕووسیا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، بەڕێز سافینگ ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کرد و خۆشحاڵیی خۆی بە سەردان و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەربڕی و خواستی ولاتی خۆی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا نیشان دا.

هەردوولا جەختیان لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان بەتایبەتی لە بوارەکانی تەندروستی، گەشتوگوزار، پەروەردە و فێرکردنی پیشەییدا کردەوە و باسیان لە پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و ولاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد.

لەمبارەیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوە دا کە ژینگەی لەباری وەبەرهێنان و سەقامگیریی ئاسایش هاوکارن بۆ هاتنی وەبەرهێنانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر - بەغدا بە ڕێگەی دیالۆگ و خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بنیاتنانی باشترین پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە و جیهان لەسەر بنەمای دۆستایەتی و ئاشتی و هەماهەنگی، دووپات کردەوە.

تاوتوێکردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوا پێشهاتەکان و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



ئەمساڵ هیچ هەڵبژاردنێک لە عێراق ئەنجام نادرێت

بڕیار بوو کۆتایی ئەمساڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە بچێت، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ، ئەمساڵ هیچ هەڵبژاردنێک لە عێراق ئەنجام نادرێت. دکتۆر ئارام باڵەتەیی، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیار بوو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە کۆتایی ئەمساڵدا بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەوپش چەند مەرجێکی بۆ دانرابوو، یەکێک لەو مەرجانەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەوە بوو، کە تا مانگی نیسانی ڕابردوو یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکرێتەوە لە لایەن پەرلەمانەوە، بە گوتەی ئەوکاتی کۆمسیۆن ئەگەر یاساکە لە مانگی نیساندا هەموار نەکرێتەوە، ئەوە کۆمسیۆن توانای بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی نابێت لە ساڵی 2019دا. گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دەشڵێت: لە ئێستادا پێشنیاز کراوە لە 20ی نیسانی ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت، بەڵام هەندێک هێزی سیاسیی عێراقی داوایان کردووە وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان پێش بخرێت بۆ 15ی شوباتی ساڵی ئایندە. ڕوونیشی کردەوە: ئەمساڵ هیچ هەڵبژاردنێک لە عێراق بەڕێوە ناچێت، چونکە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ناتوانێت ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە ببڕێت و ئامادەکارییەکان کاتی زیاتری دەوێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ڕاستە لە بەرنامەی پەرلەمانداید یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق هەموار بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا لە کارنامەی کۆبونەوەی داهاتوودا نەهاتووە، ئینجا نازانین کەی پەرلەمان ئەو پرسە یەکلا دەکاتەوە.

ئیکسۆن مۆبیل گەورە کۆمپانیای نەوتیی ئەمەریکی لە بەسرە کشایەوە



گەورە کۆمپانیایەکی بواری نەوتیی ئەمەریکی کارمەندانی خۆی لە کێڵگەی نەوتیی (قورنە 1) لە پارێزگای بەسرەی باشووری عێراق بۆ دوبەی کشانەوە. بەگوێرەی باسنیوز کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل سەرجەم کارمەندە بیانییەکانی خۆی لە کێڵگەکەوە بۆ دوبەی کشاندووەتەوە. لەمبارەیەشەوە بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایانگەیاندووە، کشانەوەی ئیکسۆن مۆبیل لە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل لە سنووری پارێزگای بەسرە کشاونەتەوە.

کشانەوەی کۆمپانیا نەوتییەکە دوای ئەوەهات کە لە هەفتەی ڕابردوودا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داوای لە سەرجەم هاوواڵاتییانی ئەمەریکی کرد، بە هۆکاری بوونی ئەگەری بە ئامانجگرتنی هاوواڵاتییانی ئەمەریکی لەلایەن ئێران و لە ڕێگەی میلیشیاکانی عێراقەوە، عێراق بەجێبهێڵن.

کارێگەری لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکە نەبووە و ئەندازیارانی عێراقی بەرپرسیارێتیی کارەکەی ئەوان دەگرنە ئەستۆ. بەپێی زانیارییەکان کشاندنەوەی کارمەندانی ئیکسۆن مۆبیل لە دەرنگانی شەوی هەینی لەسەر شەممەوە تاوەکو بەیانییەکەی بەڕێوەچووە و بەشێک لە کارمەندانی کۆمپانیاکە بۆ دوبەی و بەشێکی دیکەش بۆ خێوەتگەی سەرەکیی کارمەندانی کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل لە سنووری پارێزگای بەسرە.

وەزیری دەرەوەی عێراق: عێراق لەو هەڵوێستانە خۆی بەدوور دەگرێت

وەزیری دەرەوەی عێراق، محەممەد عەلی حەکیم ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لەو هەڵوێستانە خۆی بەدوور دەگرێت کە دەبنە هۆی دروستبوونی گرژیی لە ناوچەکەدا. وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە وەزیری دەرەوە، محەممەد عەلی حەکیم لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ لەندەن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت کۆبوونەتەوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا هاتووە لە کۆبوونەوەکەدا، چەند پرسێکی هەرێمیی و نێودەوڵەتی خراونەتە بەرباس بەتایبەتیش ئەو پرسانەی کە جێگەی گرنگ و بایەخی عێراق و بەریتانیا بوون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هەر لە کۆبوونەوەکەدا، محەممەد عەلی حەکیم ڕایگەیاندووە کە عێراق بە یەک گەیشتنی هەمووانە، بەدەر لەوەش عێراق لەو هەڵوێستانە خۆی بەدوور دەگرێت کە دەبنە هۆی دروستبوونی گرژیی لە ناوچەکەدا. وەزیری دەرەوەی عێراق لە کۆبوونەوەکەدا، بە پێویستی زانیوە کە بە گفتوگۆ و دانوستان کێشەکان لەناوچەکەدا چارەسەر بکرێت، هەروەها هەوڵەکانیش زیاتر بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتان لە ناوچەکەدا بخرێتەگەڕ. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەو ڕۆژە نەدراوە کە وەزیری دەرەوەی عێراق، محەممەد عەلی حەکیم سەردانەکەی بۆ لەندەن ئەنجام داوە.

عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک بەروبوومی جوتیارانی کورد تاڵان دەکەن

کێشەی نێوان جوتیارانی کورد و عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک ڕەهەندی سیاسی هەیە



ڕژێمی بەعس لە ناوەڕاستی ساڵانی هەفتاکان، جوتیاری عەرەبی لەسەر زەویوزاری سەدان جوتیاری کورد لەو ناوچانە جێگیرکرد کە ئێستا بە ناوچەی کێشەلەسەر ناویان دێت، بەڵام کاتێک ساڵی 2003 ڕژێمی بەعس ڕووخا هاوواڵاتییانی کورد گەڕانەوە سەر زەویوزارەکانیان و عەرەبە هاوردەکانیش ناوچەکەیان جێهێشت و بەو پارەیەی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق دابینکرا، قەرەبووکرانەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق بۆ کەرکووک لە دوای ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 عەرەبە هاوردەکان جارێکیتر هەوڵی دەرکردنی هاوواڵاتییانی کورد دەدەن.

هێرش حوسێن کە جوتیارێکی کوردی خەڵکی گوندی مامەی سەر بە قەزای دووبزە، بۆ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: عەرەبە هاوردەکان بە نهێنی دەڕاسەیان بردووتە نێو زەویەکەم و خەڵەو خەرمانەکەیان دروێنە کردووم. گوتیشی: ئەو دانەوێڵەی عەرەبەکان بردوویانە بە نزیکەی 90 تۆن مەزندە دەکرێت. بەپێی گوتەی هێرشی جوتیار، ساڵی 2003 کاتێک بەعس ڕووخاوە و گەڕانەتەوە سەر زەویەکانیان، ڕێگەیان بە عەرەبە هاوردەکان داوە و بەروبوومی ئەو ساڵەی خۆیان چنیوەتەوە، گوتی: کەچی ئێستا بێ ئاگاداری ئێمە، خەڵەکانیان درەو کردووین و بەروبوومی ئەمسالیان بردووین. چنینەوەی بەروبوومی جوتیارە کوردەکان لەکاتێکدایە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ژمارەیەک عەرەبی هاورد بە چەکەوە ڕۆیشتنە سەر گوندی پەلکانەی سەر ناحیەی سەرگەڕان و هەوڵی دەرکردنی کوردەکانیاندا، بەڵام دواتر پەرلەمانتارانی عێراق چوونە خەت و دۆخەکەیان هێورکردەوە. پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاندووە: ئێمە تەنیا دۆخەکەمان هێورکردەوە و نەمانهێشت شەڕ ڕووبدات، ئەگینا کێشەکان وەک خۆیان ماونەتەوە و پێویستیان بە چارەسەری ڕیشەیی هەیە. کێشەی نێوان جوتیارە کورد و عەرەبەکانی کەرکووک ڕەهەندی سیاسی هەیە و چارەسەرکردنی ئاسان نییە.

ئەوە دوای ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 جارێکی دیکە عەرەبە هاوردەکان هاتنەوە ناوچە کوردییەکان و لەوکاتەوەش بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت زەوی و مالّی هاووڵاتییانی کورد داگیربکەن، لایەنە عێراقییەکانیش چاوپۆشی لەو ڕەفتارەیان دەکەن. هاوکات پەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش ئەمە وەک پێشێلکاری بەرانبەر هاووڵاتییانی کورد ناو دەبەن کە بە ئاشکرا کار بۆ بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان دەکرێت لەژێر گوشاری چەکداری و بە دەرکردنی هەندێ یاسای سیاسی لە بەرژەوەندی عەرەبی هاوردە بە مەبەستی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان.



کۆنگرێسی ئەمەریکا باڵیۆزی نوێی وڵاتەکەی لە عێراق پەسند کرد

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق رایگەیاند، ئەنجوومەنی پیرانی وڵاتەکەی، کاندیدی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ، ماسیۆ تولەری وەک باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا، پەسند کرد. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، ئەنجوومەنی پیرانی وڵاتەکەی، کاندیدبوونی ماسیۆ تولەری وەک باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدای پەسند کرد. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: تیمی دیپلۆماسی ئەمەریکا لە بەغدا پیرۆزبایی لە تولەر دەکات بەبۆنەی بوونی بە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و لە چاوەڕوانی هاتنیدایە بۆ بەغدا.

ماسیۆ تولەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە یەمەن بەر لەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەو پۆستەی جێبهێڵێت وەک ئامادەکاری بۆ بوونی بە باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا. تولەر وەک جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی باکووری کەنداو و بەرپرس لە نووسینگەی میسر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاری کردووە، هاوکات وەک جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری کەنداوی باکوور لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاری کردووە. تولەر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بریگام یانگ و ماستەری لە زانکۆی هارڤارد بەدەستهێناوە، و خاوەنی خەلاتی SIAیە لە بواری هەواڵگری و دوو خەلاتی فەخری سەرۆکایەتی ئەمەریکای پێ بەخشراوە، هەروەها خەلاتی "بیکەر ویلکەنز"ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای پێ بەخشراوە. ماسیۆ تولەر جگە لە زمانی دایک، زمانی عەرەبیش دەزانێت.

جێی باسە دانانی تولەر وەک باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە بەغدا لە کاتێکدایە ئالۆزییەکانی نێوان واشنتۆن و تاران ڕوو لە زیادبوون دایە.

کاربەدەستانی ئیدارەکەی ترەمپ لەبارەی جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا زانیاری بە کۆنگرێس دەدەن

بەرپرسانی ئیدارەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕۆژی سێشەممە لە دانیشتنێکی داخراودا لەبارەی گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران و جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە لە کەنداو، زانیاری بە یاسادانەرانی ئەمەریکا دەدەن. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە و پاتریک شاناهان وەزیری بەرگری ئەمەرکا بە وەکالەت و جۆزیف دەنفۆرد سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەو وڵاتە، ڕۆژی سێشەممە لە ئەنجوومەنی سینات ئامادەدەبن لەبارەی گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران و جموجۆڵە سەربازییەکان لە کەنداو. یاریدەدەران لە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش ڕایانگەیاندووە کە پێشبینی دەکرێت مایک پۆمپیۆ لە دانیشتنێکدا زانیاری بە ئەنجوومەنی نوێنەران بدات، بەڵام هێشتا زانیاری تەواو لەسەر وردەکارییەکانی دانیشتنەکە نەزانراوە. ئەمەش لە کاتێکدایە ماوەی چەند هەفتەیەکە ئەندامانی کۆنگرێس ڕەخنە لە ئیدارەکەی دۆنالد ترەمپ دەگرن سەبارەت بەوەی زانیاری پێویستیان نەدراوەتێ لەبارەی گرژییەکانی ئێستای واشنتۆن لەگەڵ ئێران.



سعودیە ڕازی بوو هێزەکانی ئەمەریکا لە ئاوەکانی کەنداو بڵاوە پێ بکات

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی سعودی بڵاوی کردەوە کە سعودیە و کۆمەڵێک لە وڵاتانی کەنداو ڕازی بوونە ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لە ئاوەکانی کەنداو بڵاوە پێبکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران. ڕۆژنامەی ناوبراو لە سەرچاوەیەکی باڵای نزیک لە واشنتۆن بڵاویکردۆتەوە، ڕازیبوونی ئەو وڵاتانەی کەنداو و سعودیە لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرنجڕاکێشەو بە ڕێککەوتنی کەنداو و ئەمەریکا ناوزەدکراوە، ئەمەش بۆ پاڵپشتی کردنی ئەمەریکایە لەناوچەکە و ئەو هەنگاوانەی کە بۆ داهاتوو دایناوە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێرانە لە ناوچەکە. ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی سعودی ڕاشیگەیاندووە پاڵنەری سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کەنداو پێکەوە چالاکی نواندنە لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بۆ ڕەتدانەوەی هەر هەنگاوێکی تاران کە بەنیاز بێت لە بواری سەربازی بیکات و هێرش بکاتە سەر وڵاتانی کەنداو کە خاوەنی بەرژەوەندی گەورەن لەگەڵ وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

عێراق.. کۆژرانی شەش تیرۆریستی داعش

وەزارەتی بەرگری عێراق ڕایگەیاند کە لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی سوپادا بۆ سەر دوو حەشارگەی تیرۆریستانی داعش لە دوورگەی سەلاحەددین، شەش تیرۆریست کوژران. لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی بەرگری عێراقدا هاتووە بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی هەواڵگری، هێزێکی فەوجی یەکی لیوای 91 سەربە فیرقەی 14ی سوپا بە پشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا هێرشانکردە سەر دوو حەشارگە داعش لە دوورگەی سەلاحەددین کە ژمارەیەک تیرۆریست خۆیان تیادا حەشاداربوون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکەدا لە ئاکامی هێرشەکەدا، شەش تیرۆریست کوژراون و دەستیش بەسەر سێ پشتێنەی بۆمبڕێژکراو و شەش بۆمبدا گیراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی هەردوو حەشارگەکە خاپوورکراون. ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەم دوایینە جموجۆڵی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ناوچەکانی نێوان پارێزگاکانی دیالە، کەرکووک و سەلاحەددین زیادیکردووە.



سزاکانی یەکێتیی ئەورووپا دژی ڕژێمی ئەسەد درێژ کرایەوە

یەکێتی ئەورووپا بڕیاری دا بۆ ماوەی ساڵێکی تر سزاکانی سەر ڕژێمی ئەسەد درێژ بکاتەوە. کۆنسەیی یەکێتی ئەورووپا، بەهۆی بەردەوامیدان بە فشارەکان بۆسەر خەڵکی مەدەنی لەلایەن ڕژێمی ئەسەد و پشتگیریکارانییەوە، بڕیاری داوە ڕێوشوێنە سنووردارکەرەکان تا 1ی حوزەیرانی 2020درێژبکرێنەوە. بەهۆی گیانلەدەستدانیانەوە 5 کەس و هاوکات 2 دەزگاش لەنێو لیستی سزادراوان هێنرانە دەرەوە و بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی لەلیستی سزاکاندان بووە 270 کەس. ئەو کەسانەی سزا دراون، قەدەغەی گەشتیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت هاوکات مالّ و سەروەتەکانیان لە یەکێتی ئەورووپا بلۆک دەکرێت. لەکاتێکدا 70 دەزگا لەنێو لیستی سزاکانی یەکێتی ئەورووپادان کە بانکی ناوەندیی سووریا یەکێکە لەوانە.

لە فەڕەنسا خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان مانگی شەشەمی تەواو کرد



خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان کە سەرەتا وەک کاردانەوە لەبەرامبەر زیادکردنی نرخی سووتەمەنی و خراپی دۆخی ئابووریی دەستیان پێکرد بەڵام دواتر بۆ ناڕەزایەتی دژی حکوومەتی سەرکۆمار، ئیمانوێل ماکرۆن گۆڕان، ماوەی شەش مانگە درێژەی هەیە. ئێلەگ زەردەکان چەندین مانگە ناڕەزایەتی دژی سیاسەتەکانی ماکرۆن دەردەبڕن و چاوەڕێی ئەوەن لە حکوومەت هەنگاوگەلێک بهاوێژێت کە چارەسەری کێشە ئابووریەکانی دانیشتوان بکات. سەرەڕای ئەوەی کە ماکرۆن بەمەبەستی وەلامدانەوەی داواکاریی هێلەک زەردەکان، ئاشکرایکرد کە گۆڕانکاریی لە مووچەی کارمەندان دەکەن، باجەکان کەمدەکەنەوە و ژمارەیەک لە باجەکان کە لە ئەستۆی کۆمپانیاکاندا بوون هەڵدەگرن، بەڵام ئەمە لە ئاست دڵنیاکردنەوەی پێویستی هێلەک زەردەکاندا نەبوو. هێلەک زەردەکان پێیان وایە بڕیارەکانی ماکرۆن تا ئاستی پێویست ئاستەنگە ئابووریەکانی تێنەپەڕاندووە و هەربۆیەش داوای لێدەکەن ڕێکاری بەهێزتر بگرێتەبەر.

لەلایەکی دیکەوە، وەزارەتی ناوخۆی فەڕەنسا زانیاریی سەبارەت بە ژمارەی بەشداربووان لە خۆپیشاندانی هێلەک زەردەکان لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا بڵاوکردەوە و ژمارەکان کەمتر بوون لەو ژمارانەی کە هێلەک زەردەکان بڵاویان کردنەوە. لە تەواوی وڵاتدا بەپێی وەزارەتی ناوخۆ لە 11ی ئایاردا 18 هەزار و 600 کەس، لە 4ی ئایاریشدا 18 هەزار و 900 کەس و لە 27ی نیساندا 23 هەزار و 600 کەس بەشداربوون، هەرچی ئێلەگ زەردەکانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکاندا بەم چەشنە بووە بە ریزبەندی، 37 هەزار و 40،500 هەزارو 291 و 60هەزار و 132. هاوشانی ژمارەی ئەو خۆپیشاندەرانەی بەشداری لە کردەوەی ئێلەگ زەردەکاندا دەکەن کەمی کردووە. لە 17 ی تشرینی دووهەمی 2018 لە تەواوی وڵاتدا 290 هەزار کەس بەشداربوون. هەروەها ژمارەی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە بریندارببوون و دەستگیرکراون زیادیان کردووە. بەپێی زانیاریەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە 1797 پۆلیس و 4245 کەس بریندارببوون و 12107 کەسیش دەستگیر کراون. لە کردەوەکاندا نزیکەی 2هەزار کەس زیندانی کراون

یەمەن... 80 چەکداری حوسی کوژران



لە ئاکامی ئەو پێکدادانەی لە شارۆچکەی قوتوبای پارێزگای دالی یەمەن ڕوویدا 80 چەکداری حوسی کوژران کە لە نێویاندا فەرماندەی یەکەیشی تیادایە. September Net کە ماڵپەڕی سوپای یەمەنە ڕایگەیاند، هێزە سەربازییەکان کە هێزەکانی خۆڕاگری گەل پشتیوانیان دەکەن بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیان لە پارێزگای دالی. لە ئاکامی ئەو پێکدادانەی لە شارۆچکەی قوتوبا ڕوویدا کە لە ژێر دەستی حوسییەکان دەرهێندراوەتەوە 80 چەکداری حوسی کوژراون کە فەرماندەی مەیدانی محەمەد سەنهانییشان لە نێودایە. هەروەها چەندین چەکداری دیکەی حوسییەکانیش بریندار بوون. ئاماژە بەوەشدراوە کە دەست بە سەر ژمارەیەکی زۆر ئامێر، ئۆتۆمبێل، چەک و تەقەمەنی حوسییەکاندا گیراوە.

بەحرێن.. کۆبوونەوەی سەربازیی نێوان ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداو بەڕێوەچوو

کەنالی ئاسمانی ئەلحورە بڵاویکردەوە لە شاری مەنامە پایتەختی بەحرێن، کۆبوونەوەیەک لە نێوان فەرماندەکانی هێزی دەریاوانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و فەرماندەکانی هێزی دەریاوانی ئەمەریکا بەڕێوەچوو. زانداراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا، دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەریایی، هەروەها ئەنجامدانی کاری بازرگانی ئازاد لە ناوچەکەدا، بە وردی هەڵوەستەیان لەسەرکراوە. بەڵام زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە نەخراوەتەڕوو. جێی باسە ئەم کۆبوونەوەیە دوای ئەوە دێت ڕۆژی یەکشەممەی هەفتەی ڕابردوو لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات، هێرشی تێکدەرانە کرانە سەر چوار کەشتی کە دووانیان نەوت هەڵگری سعوودی بوون. تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە ڕانەگەیاندووە. ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیەش لە کاتێکدایە کە دوای هەڕەشەکانی تاران لەبارەی داخستنی گەرووی هورمز، ئاستی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکە تا دێت ڕوو لە هەڵکشانە.

www.xebat.net
خەبات یەک شەممە 2019/5/19 ژمارە (5752)





لەم قۆناغەدا تەنیا هێزە ئەمنییەکان دەتوانن سەردانی مۆزەخانەکە بکەن

لە مۆزەخانەی بۆمبە دروستکراوەکانی داعش لە کۆڕێ 120 جۆر چەک و بۆمب و کەلوپەلی بەکارهاتووی داعش نمایشکراون

لیوا مەحمود حسین کاکەیی: بۆ داهاتوو پلانی گەورەکردنی مۆزەخانەکەمان هەیە

کەتیبەی ئەندازە توانیویانە بەدرێژیی 700 کیلۆمەتر لە شەنگالەوە تا رۆژئاوای کەرکووک لە مین و تەقەمەنی پاک بکەنەوە

خەبات/عەلی بانیشاری

مۆزەخانەکە لەسەر رووبەری 45.5 مەتر دروستکراوە. لە نێویدا 120 جۆر مین و تەقەمەنی و کەلوپەلی بەکارهاتووی داعش هەن، کە سەردانی هۆڵی مۆزەخانەکە دەکەیت زیاتر بۆت روون دەبێتەوە ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە لەماوەی حکوومڕانیدا چ تەکنیکێکی لە شەڕدا بەکارهێناوە، وەکو فەرماندەی ئەندازەی هێزەکانی پشتیوانی یەک و سەرپەرشتیاری مۆزەخانەی بۆمبە دروستکراوەکانی داعش لە کۆڕێ دەڵێت: داعش بۆ دروستکردنی مین و چەک و تەقەمەنییەکان سوودیان لە کەسانی شارەزای دانیشتووی موسڵ بینیووە و بەشێک لە بۆمبەکانیش بەو کەسانە دروستیان کردووە کە لە ناوچەی پیشەسازی موسڵ کاریان کردووە.



بەسەیرکردنێکی مۆزەخانەکە ئاشنا دەبیت بەوەی داعش بۆ دروستکردنی مین و تەقەمەنی و جۆرەکانی تیرۆنتی سوودیان لە بۆڕی نەوت، بتڵی غاز، دەبەی پلاستیک، مەنجەڵی خواردن دروستکردن، بۆڕی ئاگرکۆژێنەرەوە و چەندین کەرەستەی دیکە بینیووە.

لیوا حسین کاکەیی، فەرماندەی ئەندازەی هێزەکانی پشتیوانی یەک و سەرپەرشتیاری مۆزەخانەی بۆمبە دروستکراوەکانی داعش لە کۆڕێ دەڵێت: لەسەرەتای شەڕی داعش خەریکی پووچەڵکردنەوەی بۆمب بووین، کە چەکی سەرەکی داعش بوو، لەگەڵ فارماندەکانی ئەندازە بڕیارماندا دیکۆمێنتکردنی بۆمب و چەک و جۆرەکانی دیکەی تەقەمەنی بکەین، کە پاشماوەی داعش بوون، بڕیاری ئەوەشماندا کە هەموو ئەو کەلوپەل و کەرەستە بەکارهاتووەکانی داعشی تێدا نمایش بکەین.

لیوا مەحمود حسین کاکەیی دەشڵێت: لەم قۆناغەدا تەنها ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان دەتوانن سەردانی مۆزەخانەکە بکەن ئەوەیش بۆ ئەوەی زیاتر ئاشابن بە تەکنیکی داعش و ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی کە لە شەڕدا بەکاریان هێناوە.

ناوبراو باس لەوەشدەکات مۆزەخانەکە بچووکە و پێویستی بە رووبەری زیاتر هەیە، بەڵام سەرەتا وەکو هەنگاوێک پێیان باشبووە بەشێک لەو کەرەستانەی داعش کە خۆیان پووچەڵیان کردووەتەوە نمایشی بکەن و هێزەکانی پێشمەرگە و ئەفسەران سوودی لێببینن".

مۆزەخانەی بۆمبە دروستکراوەکانی داعش بەفەرمی لە 2019/3/29 کراوەتەوە. وەکو لیوا مەحمود کاکەیی باسی دەکات ئەگەر بەکارهاتووەکانی داعش کۆبکەینەوە لە جێگایەک کە دووری کۆگاکانی خۆمان، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەو کەلوپەلانە دیار نییە و نازانین چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

ئەو گوتیشی: پاش کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان لە شوێنێک دانران تا شەڕی داعش تەواو بوو، دواتر هەندێک زانیاریمان کۆکردەوە و لە دووتوێی 100 لاپەڕەدا بۆ سەرەوەی خۆمان بەرزکردەوە، پاش گفتوگۆکردن و پرس و راوێژ بە جەنابی فەرماندەی فەرماندەیمان سیهاد بارزانی بڕیاردرا لە سەرەتای 2016 تا کۆتایی 2018 لەناو بینای کەتبەی ئەندازەی فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی یەک بینایەک بۆ مۆزەخانەیەک کە تایبەت بێت بە بۆمبە چێنراوە دروستکراوەکانی داعش دروست بکەین و بۆمب و تیئێنتی و کەرەستە بەکارهاتووەکانی داعشی تێدا نمایش بکەین.

لیوا مەحمود حسین کاکەیی دەشڵێت: لەم قۆناغەدا تەنها ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان دەتوانن سەردانی مۆزەخانەکە بکەن ئەوەیش بۆ ئەوەی زیاتر ئاشابن بە تەکنیکی داعش و ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی کە لە شەڕدا بەکاریان هێناوە.

ناوبراو باس لەوەشدەکات مۆزەخانەکە بچووکە و پێویستی بە رووبەری زیاتر هەیە، بەڵام سەرەتا وەکو هەنگاوێک پێیان باشبووە بەشێک لەو کەرەستانەی داعش کە خۆیان پووچەڵیان کردووەتەوە نمایشی بکەن و هێزەکانی پێشمەرگە و ئەفسەران سوودی لێببینن".

مۆزەخانەی بۆمبە دروستکراوەکانی داعش بەفەرمی لە 2019/3/29 کراوەتەوە. وەکو لیوا مەحمود کاکەیی باسی دەکات ئەگەر بودجە هەبێت پلانی گەورەکردنی مۆزەخانەکە و رێکوپێکردنیمان لە داهاتوودا هەیە.

فەرماندەی ئەندازەی هێزەکانی پشتیوانی یەک دەڵێت: کەتیبەی ئەندازەییمان توانیوویانە بەدرێژی 700 کیلۆمەتر لە شنگاوە تا رۆژئاوای کەرکوک لە مین و تەقەمەنی پاک بکەنەوە، ئەوەیش هەوڵ و ماندوونێکی زۆری ویستووە و چەندین شەهیدی بریندارییشی لێکەوتووەتەوە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا سەرەتا داعش بۆ دروستکردنی تیئێنتی سوودی لە بۆڕی نەوت گواستنەوە وەرگرتووە، دواتر لەناوچەی پیشەسازی موسڵ مین و تەقەمەنییەکانیان دروستکردووە کە شێوەی کاشی کە 5-7 کیلۆ تیئێنتی تێدا بووە، دوای ئەوە سوودیان لە مەنجەڵی خواردن دروستکردن بینووە و پاش ئەوەیش بۆڕی ئاگرکۆژێنەرەوەیان بۆ دروستکردنی تیئێنتی بەکارهێناوە.

لیوا مەحمود حسین کاکەیی دەشڵێت: رێکخراوی تیرۆریستی داعش سوودیان لە دەبەی پلاستیکی بینووە و تیئێنتیان لەناو داناوە، چونکە پلاستیک بەرگەی ساردی و گەرمی دەگرێت و بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێنێتەوە، ئەمە بێ لە دروستکردنی مینی دژە تانک.

ئەو فەرماندەیە دەڵێت: داعش زۆر تەکنیکی بەکارهێناوە، ئامانجیشی ئەوە بووە کە کەتیبەکانی ئەندازە تووش بکات، چونکە ئەگەر ئەندازە مین و تەقەمەنییەکان پوچەڵ نەکاتەوە هیچ هێزێک ناتوانێت پێشڕەوی بکات.

هەروەها دەشڵێت: ئەو یەکانەی ئەندازە کە لە درێژایی ئەو 700 کیلۆمەترە کارمان دەکرد شەو و رۆژ زانیاریمان ئاڵوگۆڕ دەکرد و هەر شتێکی نامۆمان ببینایە یەکترمان لێ ئاگادار دەکردەوە، خۆشبەختانە کاری زۆر باشمان کردو توانیمان کارەکان بە رێکوپێکی ئەنجام بدەین.

لیوا مەحمود حسین کاکەیی باس لەوەشدەکات لەسەرەتای شەڕی تیرۆردا زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر تەکنیکی داعش نەبووە، هەروەها کەرەستە و کەلوپەلی پێویستیان بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان لە بەدەست نەبوو، هەر ئەوەیش بووە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی چەند ئەفسەر و پێشمەرگەیەکی قارەمان، بەڵام دواتر و پاش پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و مەشق و راهێنان شارەزاییەکی باشیان لەسەر تەقینەوەکان پەیدا کرد.

ئەو گوتیشی: لەئێستادا ئەگەر هەر رووداوێک رووبدات هیچ مەترسیەک لەسەر تیمەکانمان نییە و دەتوانین بە زووترین کات چارەسەری بکەین.



چالاکیی کەتیبەی ئەندازەیی سەربازیی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەک لە شەڕی داعش لە 2014/6/12 . 2016/12/31

* پوچەڵکردن و تەقاندنەوەی بۆمبی چێندراو: 18932
* تەقاندنەوەی پارچە تەقەمەنی: 1118
* پوچەڵکردنەوەی ئۆتۆمبێل: 90
* پشکنینی ڕێگاوبان: 1405کم
* پشکنینی خانوو:225
* تەقاندنەوە و پشکنینی تونێل: 20
* پوچەڵکردنەوەی کۆڵەپشت: 11

وێڕای دژایەتیکردنی بەردەوام.. موسوڵمانانی نیشتیمانی عەرەبی ڕوو لە ئیسرائیل دەکەن

سااڵنە هەزاران گەشتیار لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی سەردانی ئیسرائیل دەکەن

ژمارەی گەشتیاران لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوانەی کە ئەمساڵ ڕوویان لە ئیسرائیل کردووە زیادی کردووە، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستەی دانیشتوان کۆچ لە ئیسرائیل بڵاویکردۆتەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ژمارەی گەشتیاران لە وڵاتانی ئیسلامی بۆ وڵاتی ئیسرائیل، ئەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە.

خەبات: هاوار موڕتکەیی

بەپێی دەرەنجامەکانیش کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو لە کەناڵی RT ڕووسی بڵاوکراوەتەوە ئەو گەشتیارانەی لەم ساڵەو تا ئێستا سەردانی ئیسرائیلیان کردووە بڕیتی بووە لە 12363 ئوردنی، 4947 میسری و بەگشتی ژمارەکە گەیشتۆتە 72109 کەس کە سەرجەمیان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی سەردانی ئسرائیلیان کردووە.

دەستەی دانیشتوان و کۆچ لە ئیسرائیل ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە میسر و ئوردن لەو وڵاتە عەرەبیانەن کە پەیوەندی دیبلۆماسی تەواویان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەش کە بڵاوکراونەتەوە لە ساڵی 2018دا نزیکەی 37555 ئیندۆنیسی سەردانی ئیسرائیلیان کردووە کە ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەڕێژەی 5% زیادی کردووە.

ئامارەکانی دەستەی ناوبراو ئاشکرایان کردووە ژمارەی گەشتیاران بۆ وڵاتی ئیسرائیل لەو وڵاتانەوە زیاتر سەردانیان کردوون، کە پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵدا نییەو شانشینی مەغریبی عەرەبی لەسەرووی هەمرویانەوەو لەریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دادەندرێت کە عەرەبی و ئیسلامین، بەجۆرێک تەنیا لە ساڵی 2018دا 2108 مەغریبی سەردانی ئیسرائیلی کردووە، لەو ئامارەدا ئەوەش هاتووە کە وڵاتی تونس لە پلەی دووەم دێت بە 949 گەشتیار و قەتەر لەپلەی سێیەم دێت و دوای ئەویش هەریەک لەوڵاتانی عومان و جەزائیر و کوێت و ئیمارات و سعودیە دێن.



هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/5/19 ژمارە (5750)
خەبات

15هەمین فیستیڤاڵی یاریی میللیی سنی سنیانێ بەڕێوەچوو



بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق، لێژنەی ناوچەی قەڵاتی سەر بە لقی دوو، 15هەمین فیستیڤاڵی یاری میللیی سنی سنیانێی لەنێو باغی شار لە سەنتەری هەولێر دەستپێکرد کە تیپە میللیەکان بەشداریان تێدا کردووە.

کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا دووپاتی کردەوە، کە هەمیشە کێشەی سەرکردایەتی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەسەر پلەو پۆست نەبووە، بەڵکو لەسەر خاک بووە، لەو پێناوەشدا چەندین سالّە گەلی کوردستان خەباتی سیاسی و چەکداری دەکات بۆ ئەوەی خاکە داگیرکراوەکانی کوردستان بگەڕێنێتەوە و ناسنامەی کوردستانی بوونیان بسەلمێنێ.

پاشان ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا ویڕای دەستخۆشی کردن لە لێژنەی ناوچەی قەڵاتی بۆ ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکە،ستایشی هێزە ئەمنیەکانی کرد لە پۆلیس و ئاسایش کە بوونەتە هۆکاری بەرقەرار بوونی ئارامی و تەناهی لە پایتەخت،بەشێوەیەک ئەو ئارامی و تەناهیە نموونەیە لە ناوچەکە بەگشتی.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەرپرسی لقی دوو باسی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بکەوێتە سەر کار و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکات.

دواتر هەڤاڵ عەبدولعەزیز بەرپرسی لێژنەی ناوچەی قەڵات کە باسی ئامانجی ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکەی کرد لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا و پێی وابوو یاریەکە زیندوو کردنەوەی کلتوورێکی کۆن و ڕەسەنی کوردیە.

بڕیارە فیستیڤاڵی یاری سنی سنیانێ تا کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بەردەوام بێ و لە دوا یاریشدا تیپە براوەکان خەڵات بکرێن.

بەرپرسێ لقێ ئێک ڕوڵێ گروپەکێ خوبەخش بەرز نرخاند



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک، ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا گروپێ خوبەخش یێ بێ ڕاوەستیان کو د بیاڤێ پزیشکی و خێرخوازی دا کر، دڤێ ڕینشتنێ دا بەرپرسێ لقێ دەست خوەشیا گروپێ ناڤبری کر ژ بۆ ڕولێ وان یێ بەرچاڤ هەر ل شەرێ تیرورستێن داعش دا کو لسەنگەران مل بلێ پێشمەرگا بوون ژ خزمەت کرنا وان و ئەڤرو ژی ب تێنەکا دی کەتینە خزمەتا مالباتێن شەهیدێن سەر بلند و پێشمەرگێن چاڤ نەترس و خەلکێ هەژار و ئەڤە هەژی جهێ ڕێز و تەقدیرا مە یە وەکو لقا ئێک یا پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەم ڤان کاران ژبلی کارەکێ مروڤایەتی بکارەکێ نیشتمان پەروەر و وەلات پاریز د قەلەم د دەین، گروپی خوبەخش سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ وان پەیڤێن ئاراستەی وان کرین و سوزدا کو بینین کەسانێن وەفادار و ئەمەکدار ژ بۆ ڕێبازا پیرۆزا بارزانیێ نەمر و مالباتێن شەهید و پێشمەرگەهان و هەمی ئول و ئایین و نەتەوەیێن د کوردستانێ دا دژین.

هەڕەشەی دەرکردن لە کوردانی گەڕەکی عەرەفەی کەرکووک دەکرێت



ڕاگەیاند، چەند ڕۆژێکە بە ناوی جێبەجێکردنی یاساوە، هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک بە فەرمانی پارێزگاری سەپێندراو، دەیانەوێ بە زۆر هاوواڵتیانی کورد لە چەند گەڕەکێکی نێو شاری کەرکووک دەربکەن و خانووەکانیان بڕووخێنن.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گوتیشی، لە باشووری کەرکووک لە ژێر دەسەڵاتی ڕاکان سەعیدی پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووکدا، سەدان خانوو بە زێدەڕۆیی دروست کراون، کەچی دێت یاسا بەسەر کوردا جێبەجێ دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە، ئەو خانووانەی ئێستا دەیانڕووخێنن، هەموویان مواڵکی کوردانی کەرکووکن.

پیرۆت ئامادەی بۆ ئەوە کرد، زۆرن ئەو ناوچە کوردنشینانەی هەڕەشەی ڕووخاندنی خانووەکانیان لێدەکرێت، بەڵام لە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووەوە پۆلیسی کەرکووک و هێزە ئەمنییەکانی ئەو شارە چەندین جار هەڵیانکوتاوەتە سەر کوردانی گەڕەکی عەرەفە و ژمارەیەک خانووبان چەند ڕۆژێکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە هەڕەشەی دەرکردنی کوردانی گەڕەکی عەرەفەی کەرکووک دەکرێت، دڵشاد پیرۆت، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەو هێزانە هیچ مافێکی یاسایی نییە بۆ ئەم کارە، ئەو کارە تەنیا دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی عێراقەوە.


ڕووخاندوون و هەڕەشەیەکی زۆریش لەسەر ئەوانی دیکە هەیە. لەبارەی بێهەڵوێستیی لانە کوردییەکان، دڵشاد پیرۆت دەڵێت: ئێمە وەک پارتی لە کەرکووک نین تا بەرگری لە خەڵک بکەین، ئەو لایەنە سیاسیانەی لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەریش لە شارەکە ماون، هیچ دەستەڵاتێکیان نییە و عەرەب بە ئارەزووی خۆیە چی دەکات و پارێزگاریش کەرکووکی بەسەربازگە کردووە.

هەولێر... دەست بەسەر 32 تەن خورمای ماوەبەسەرچوودا گیرا



خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: ئەنوەر کەمال لە کارگێڕی لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ ڕونیکردەوە: بەسەرپەرشتی نەبەز عەبدوللەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ توانیان دەست بەسەر 32 تەن خورمای ماوە بەسەرچوو دابگرن لەعەلوەی هەولێر. دیارە ئەو خورمایە لە خوارووی عێراقەوە هاتۆتە نێو کوردستان و ئەوانەی کە هێناویانە بەڕەگەز عەرەبن و لەکۆگاکانی پشت عەلوەی هەولێر بوو ئەوانەی کەئەو کارەیان کردووە پێش دوو مانگ ئامادەکاریان کردووە تا ئەو کارەئەنجام بدەن دوای سەردانی کردنی تیمەکان لەبەرامبەر ئەو کارە قێزەوونەی کردوویانە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

سینەماکار هەردی حەسەن: هیوادارم ئەوانەی بەرپرسیاریەتی کەلتووری دەگرنە ئەستۆ کەسانی شیاوبن



کورتە فیلمی فڕینی بەرد بەشداری لە فیستیڤاڵێکی ئەڵمانیا دەکات

ئەوانەی کە نەشیانتوانی هیچ هەنگاوێک بۆ سینمای کوردی ببەنە پێش با ڕێگا لە گەنجەکانیش نەگرن.
کورتە فیلمی فڕینی بەرد لە سیناریۆ و دەرهێنانی سینەماکاری گەنج هەردی حەسەن، لە نوێترین بەشداری نێودەوڵەتی خۆیدا، لە فێستیڤاڵی هاوینە بۆ کورتە فیلم – summershort festival لە شاری مونخ بەشداری دەکات، کە فێستیڤاڵەکە لە ڕۆژانی 30 و 2019/8/31 بە بەشداری بەرهەمی سینەمایی گەنجانی وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا لە چەندین بەشی جیاواز بەڕێوەدەچێت.



کورتە فیلمی فڕینی بەرد لە دواین بەشداری خۆیدا لە فێستیڤاڵی دوبەی لە بەشی فیلم مارکێت سینەتیک ساڵی 2017 بەشداری کردووە، پێشتریش بۆتە براوەی یەکەمی بەشی کورتە فیلمی خەڵاتەکانی ڕوانگە لە ساڵی 2017 هەروەها لە سێیەمین دیداری نێودەوڵەتی سینەمای دژە تیرۆر لە ساڵی 2018 خەڵاتی باشترین دەرهێنانی وەرگرتووە.

لەم بارەیەوە دەرهێنەری فیلمەکە هەردی حەسەن بە میدیاکانی ڕاگەیاند: کورتە فیلمی فڕینی بەرد کە دووەم کورتە فیلمی منە، لە دریژەی بەشداری لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکان، بەشداری لە فێستیڤاڵی هاوینە بۆ کورتە فیلم دەکات لە شاری مونخ، وابیریشە فێستیڤاڵە لە ڕۆژانی 30 و 2019/8/31 بەڕێوەبچێت.

گوتیشی: ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەین کە فیلمەکانمان دروست بکەین بۆ فێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکانی جیهان، بە ئامانجی ئەوەی کە دەست لەسەر بابەتێک دا بنێین و بیگەینین بە کۆمەڵگاکانی دیکە، کە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی سینەمای کوردی بە هەموو شێوازێک بناسینێن و بە هەموو جیهانی بڵێین ئێمە وەکو کورد هەین، بەڵام ئەرکە لە سەر کورد پاڵپشتی هونەری سینەما بکات، بۆ ئەوەی هەموو ئامانجە سیاسی و ئابووریەکانمان بپێکین بە ڕێگای سینەما.

ئاماژەی بەوەشدا: لە سینەمادا پێشتر کۆمەڵێک سینەما کاری باش و خراپ ئەزموونی سینەمای کوردیان کرد، ئەوانەی کە سەرکەوتن، سەرکەوتن، ئەوانەی کە نەشیانتوانی هیچ هەنگاوێک بۆ سینمای کوردی ببەنە پێش با ڕێگا لە گەنجەکانیش نەگرن..!

لە کۆتاییدا گوتی: یەکمجار بە هیوای کوردستانێکی ئاوەدانتر، بەڵام بۆ کوردستانێکی جوانتر، کەلتوور لە پێش هەموو شتێکە، بۆیە با ڕێگا بە گەنج بدرێ لە چەند ساڵی ئایندە دا، گەنج با کار لەسەر کەلتووری کوردستان بکات، بە هەموو ڕێگا هونەریەکان، بەهیوام ئەوانەی بەڕپرسیاریەتی کەلتووری دەگرنە ئەستۆ کەسانی شیاوبن !.

لە ناوەڕۆکی فیلمەکەدا هاتووە: مامۆستا کچێکی شارییە، لە لادێیەک وانە دەڵێتەوە، لەو لادێیە لە پەیوەندیی خوشەویستی دایە، لەگەڵ شێرۆی کوڕی لادێکە، لە نێوان کوڕی ئاغای لادێکە و شێرۆ و مرۆڤایەتی دەبێت دانەیەک هەڵبژێرێ..

فیلمەکە بە پاڵەوانیەتیی محەمەد شێروانی و کاردینا هێمن و سیروان گلییە، لەگەڵ بەشداری هەریەک لە ئەکتەران شاخەوان مستەفا و ئەحمەد مەحمود و مازی چین عەزیز، جگە لەمە چەندین کۆمبارس تێیدا بەشدارن کە ژمارەیان نزیکەی 50 کەسە.

شایەنی ئاماژە پێدانە: ستافی فیلمەکە پێک هاتوون لە: بەڕێوەبەری وێنەگرتن سۆران ئیبراهیم، دەنگهەڵگر سەنگەر حەسەن، ڕۆناکی هاموون ڕەفیق، فۆکس مان ڕێکەوت خالید، بەرنامەڕێژ ڕزگار قسریان، دیزاینەر ڕۆژیار تەهمورسنیا، کاری میک ئاپ هێلین حەسەن، کلاکێت ڕێزە محەمەد، بەڕێوەبەری بەرهەم خالید مەولوود، فۆتۆگراف شەهاب سەعید، ژێرنووس بۆ ئینگلیزی سەردار محەمەد، کاری مۆنتاژ و دەنگ و ڕەنگ سامی سەباح، بەرهەمهێنەر هەردی حەسەن و محەمەد شێروانی لە ئەستۆیان گرتووە.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین: سینەماکاری گەنج هەردی حەسەن، پێشتریش کاری دەرهێنانی بۆ کورتە فیلمێک کردووە بە ناوی +18 کە لەچەند فێستیڤاڵێکی ناوخۆ و دەورەوە بەشداری کردووە و خەڵاتێکیشی بەو فیلمە لە یەکەمین فێستیڤاڵی ڕوانگە وەرگرتووە.

سەرتیپ قادر: کێشەی ڕۆچوونی بەشێکی شەقامی 120 مەتری چارە کرا



سەرپەرشتیاری دروستکردنی شەقامی 120 مەتریی شاری هەولێر گوتی: هۆکاری ڕۆچوونی بەشێکی شەقامەکە، تەقینی بۆربی ئاوی ئیفراز بوو، بەڵام ئێستا چارە کراوە.

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٦٦/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٦ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ (٤) چوار مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٩ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ دەگرێت.

دادوەر/ حنان بشیر محمد

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٩٢٨٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (قطرة) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (قطرة) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٥/٥) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٥٧٣٦) لە بەرواری ٢٠١٣/١٠/٤ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (معتصم عبدالرحمن محمد عزیز) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هێمن خسرۆ محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٥/١٥

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٨٨٣٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢

ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای (ربیع البراری للتجاره العامه/ المحدوده)ی بغداد راستێندراوە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆماکردنی کۆمپانیاکان لە بغداد لە رێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٣ تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا وە دانانی بەڕێز (بارزان رمضان اسماعیل) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.

من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد، پاڵپشت بە ماددەی ١٠ لە سیستەمی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٤

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٥/١٢

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکە ینەوە کۆمپانیای (مدینە العاب عینکاوە) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (مدینە العاب عینکاوە) بۆ کۆمپانیا (شاری یاری عینکاوە) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Junior Projects Planner

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY:

KEY RESPONSIBILITIES

- To support Autocad Eng on all Projects
- Able to use primavera & project planning tools and produce work schedules

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Engineering Degree/ Diploma
- Primavera experience
- Minimum 3 years Oil & Gas Industry Experience
- Able to work on primavera , Microsoft Project and other planning tools
- MS Office, excell, planning tools
- English language, Written and Spoken

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Junior AutoCAD Engineer

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY:

KEY RESPONSIBILITIES

- To support Autocad Eng on all Projects
- Able to prepare/read P&ID, Plot plan, Piping sketches, GA drawing, Isometrics, MTO, Valve List, Piping Supports, Tie-in list

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor's degree in Engineering
- Drafting course of 2 years
- AutoCAD Certificate Course
- Engineering Degree/ Diploma
- Minimum 3 years Oil & Gas Industry Experience
- Able to work on AutoCAD 15 or higher version, with knowledge of Model/Paper space, X-ref, layers
- Experience to produce Electrical, Civil, Structure, Electrical and Instrument drawings will be advantage
- MS Office, Adobe Acrobat, Navisworks
- Fluent English Language Skills, written and Spoken

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (٧)
سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی ژووڕەکانی ڕاگرایەتی لە کۆلێژی پزیشکی) سەر بەزانکۆکەمان کە نرخی کرینی تەندەر (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەشکردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلینکردنیان لە هەر پلەیەکی پۆلینکردن دا بێت وە پسپۆر بێت و شارەزایی هەبێت لە بواری دیزاین و دروستکردنی بینایە بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن و پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان)یان پێ بێت.
٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە (٩٠) نەوەت ڕۆژی تقویمیە.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە لە جێبەجێکردنی کارەکە بریتیە لە ڕێژەی (٠,٥٪) لە گوژمەی گرێبەستە.
٦- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بەچەکی باوەڕ پێکراو یاخود (خطاب الضمان) لە بانکێکی حکومی کە مەرجدار نەبێت و (غیر قابل للنقض) بێت وە ئاراستەکراو بێت بۆ زانکۆکەمان بۆ ماوەی ٢٨ بیست و هەشت ڕۆژ بێت لە دوا کاتی گەراندنەوەی تەندەر.
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)
٨- پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی (CV) ی کۆمپانیاکە (Curriculum vitae)

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (نادر صلاح خلیل) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٦٣/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٦
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (خرمان حویز رحمان) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٦٣/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٦
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (خرمان حویز رحمان) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٦٥/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٨
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (نادر صلاح خلیل) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٦٠/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٨
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (هاشم ربیع جلیل) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: هەوراز انور عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٦/ك/٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٣١ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێت ڕابگەینرێت بەپێی مادەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەدە گرێت.
دادوەر/ حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٧٥/د/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٨
بۆ تۆمەتباری نادیار (احمد رعد عبدالمجید)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بریاریدا بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادانی عیراقی بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٠ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە بەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٥٣٣
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٣
بریاری داخستنی لقی کۆمپانیا
دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (ریسول للشرق الاوسط/ المساهمة) (اسپانیا) وە پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٩.
من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Prague Castle) بۆ (گەشت وگوزار / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای دهوك
پاکتاوکار / جودت جلال محمد
ناونیشان / دهوك - مالطا
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٧٥١٣٤٠٣

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (قطرة) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ هێمن خسرۆ محمود
ناونیشان/ هەولێر- گوندی ایطالی (٢)
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٥٦٤٧٢

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء
تأسيس اتفاقية نصب و تجهيز محولات كهرباء

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأسيس اتفاقية نصب و تجهيز محولات كهرباء

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/212	تأسيس اتفاقية نصب و تجهيز محولات كهرباء	https://www.ungm.org/Public/Notice/90670 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/212

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	1 حزيران 2019 الساعة 23:59 توقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	15 حزيران 2019 الساعة 23:59

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Invitation to Bid (ITB)

Establishment of a frame agreement for the supply and installation of transformers in various governorates

1. Requirement:
The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq invites qualified suppliers and manufacturers to make a firm offer for the establishment of a Frame Agreement for the supply and installation of transformers in various governorates.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/212	Establishment of a frame agreement for the supply and installation of transformers in various governorates.	https://www.ungm.org/Public/Notice/90670 The ITB Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/212 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS ITB:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
16 May 2019	Issuance of the tender notice
1 June 2019	Closing date for clarifications
15 June 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this ITB

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

www.xebat.net
یەک شەمە2019/5/15 ژمارە (5752)

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ..
دەهۆڵی بەرپاکردنی جەنگێکی نوێ دەکوترێ



ئا: ل. کاروباری نێودەوڵەتی

ئەگەر هەیە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێ بە گۆڕەپانی شەڕێکی دیکە ، ماوەیەکە ئەم وتەیە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە شارەزا و شرۆڤەکارانەوە دووبارە دەبێتەوە ، تەنانەت وتەکە بۆتە مانشێتی زۆرێک لە میدیاکانی جیهانیش . لە راستیشدا ئەوان راست دەکەن چونکە رۆژانە هەواڵی نەو جموجۆڵ و ئامادەکارییانەیان پێدەگات کە لایەنە سەرەکیەکان دەیکەن . بە تایبەتیش دوایین هەنگاوی ئەمەریکا کە بریتی بوو لە ناردنی ژمارەیەک کەشتی فڕۆکەهەڵگر و فڕۆکەی بۆمبهاوێژ بۆ ناوچەی کەنداو .



هەنگاوێکی بەپەلە

رۆژی 7ی ئایاری رابردوو ، چەند بەرپرسێکی ئەمەریکی رایانگەیاند بەرامبەر بە سەرهەڵدانی ئاماژەی ڕوون دەربارەی ئەگەری ئەوەی ئێران هێرش بکاتە سەر هێزەکانیان لە ناوچەکەدا ، بڕیاریان داوە لەپاڵ ئەو هێزە دەریاییەی رەوانەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە ، چەند فڕۆکەیەکی بۆمبهاوێژی جۆری B52یش بنێردرێنە ناوچەکە . چەند رۆژێک لەمەوبەریش جۆن بۆڵتۆنی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا ئەم وتانەی دووپات کردەوە .لەولاش ئاژانسی رۆیتەرز لەسەر زاری چەند بەرپرسێکی ئەمەریکی رایگەیاند کە بڕیار وایە ئەمەریکا چوار فڕۆکەی بۆمبهاوێژی جۆری بی 52 رەوانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات ، دوور نیە ژمارەکەش بگۆڕێت .

هەڕەشەکردن لە ئەمەریکا

رایگەیاند ئەو زانیاریە هەواڵگریانەی دەست واشنتۆن کەوتوون باسیان لەوە کردووە کە ئێران لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانەوە پلانی بۆردومانکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکای لە چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕشتوە ، لەوانە عێراق و کوێت و سوریا و تەنگەبەری بابولمەندەب لە باشووری رۆژئاوای یەمەن ، هەروەها بڕیار بوو ئەم هێرشانە لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە ئەنجام بدرێن .

پەیامێک لە کۆشکی سپی

رۆژی 9ی ئایار، لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە کۆشکی سپی ، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند کە پێویستە سەرکردایەتی ئێران لەگەڵی دابنیشن و سەبارەت بە دەستبەردارنبوونی وڵاتەکەیان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی گفتوگۆ بکەن ، هەروەها وتیشی رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان هەردووک وڵات بەدوور نازانێ . سەبارەت بە ناردنی گرووپی کەشتیەکانی ئەبراهام لینکۆڵنیش بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرۆکی ئەمەریکا وتی: زانیاری وامان لەبەر دەست دایە کە ناخوازن بیزانن ، زانیاریەکان هەڕەشەی مەترسیدار دەگرنە خۆیان ، ئەرکی ئێمەش بریتیە لە دابینکردنی بڕێکی زۆری ئاسایش بۆ وڵاتەکەمان و بۆ چەندین شوێنی دیکەش . دەربارەی ئەگەری بەرپابوونی شەڕیش ترامپ وتی: پێموایە ئێوە هەمیشە دەتوانن ئەوە بڵێن ، ئایا ئەمە ڕاست نیە؟ ناخوازم بڵێم : نەخێر ، بەڵام هیوادارم ئەوە ڕوو نەدات . یەکێک لە بەهێزترین کەشتی پڕچەکمان هەیە و نامانەوێ هیچ شتێک بکەین .

شەڕی دەروونی

سەبارەت بەو هەنگاوەی ئەمەریکا ، ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران رایگەیاند کە مەسەلەکە تەنیا شەڕێکی دەروونیە و هیچی تر . لەو بارەوە کیوان خوسرەوی وتەبێژ بەناوی ئەنجوومەنی ناوبراو وتی: راگەیاندنەکانی بۆلتۆن تەنیا شەڕێکی دەروونیە .

هەر سەبارەت بەم وتانەی سەرۆکی ئەمەریکا ، جێگری سەرۆکی سوپای پاسداران رایگەیاند تاران هیچ گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەمەریکا ئەنجام نادات و واشنتۆن جورئەت ناکات هیچ کردەوەیەکی سەربازی لە دژی ئێران ئەنجام بدات .

ئەو هێزانەی ئەمەریکا ڕەوانەی ناوچەکەی کردوون

کەشتی فڕۆکەهەڵگری یو ئێس ئێس لینکولن .

ژمارەیەک فڕۆکەی شەڕکەر لە جۆری ئێف ئەی 18سوپەر هۆرنێت و فڕۆکەی ئەلیکترۆنی هێرشبەر لە جۆری ئی ئەی 18جی گرولەر و فڕۆکەیەکی چاودێریکردن لە جۆری ئی 2هۆک ئەی و ژمارەیەک فڕۆکەی هێلیکۆپتەری جۆراوجۆر .

کەشتی یو ئێس ئێس لیتی گۆلف ، کەشتیەکی شەڕکەر و لە توانایدا هەیە چەندین ئەرک جێبەجێ بکات و هەڵگری چەکی قورسە ، هەروەها هەڵگری موشەکی جۆری تۆماهۆک و موشەکی دژە کەشتی ژێر ئاوە .

چوار کەشتی دیکە کە بریتین لە ئو ئێس ئێس بینبریدج و یو ئێس ئێس گۆنزالیس و یو ئێس ئێس میسۆن و یو ئێس ئێس نیتشە کە بە قەبارە بچووکترن لە کەشتیەکانی دی بەڵام هەریەکەیان هەڵگری 90تا 96شانەی سیستمی تەقاندنی ئاسۆییە ، هەروەها خاوەنی توانای بەهێزی بەرگریی ئاسمانی و موشەکین ژمارەیەک فڕۆکەی بۆمبهاوێژی جۆری بی . 52

فڕۆکەی B-52

یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا.

بریتیە لە بۆمبهاوێژێکی ستراتیژیی دوورهاوێژ و هەر فڕۆکەیەک 8بزوێنەری هەیە .

لە سەردەمی شەڕی ساردەوە بەرهەم هێنراوە و لە ساڵی 1954ەوە لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمەریکاوە بەکار دەهێنرێ .

خێراییەکەی دەگاتە 1008کیلۆمەتر لە کاتژمێرێک .

توانای هەڵگرتن و فڕێدانی 32هەزار کیلۆگرام بۆمبی هەیە .

هەروەها توانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمی هەیە .

توانای هەیە لە دوورەوە موشەک ئاراستەی ئامانجەکانی بکات .

نزیکەی 49مەتر درێژە و پانیەکەشی 56مەترە .

هەر باڵێکی 4بزوێنەری هەیە .

توانای هەیە لە بەرزایی نزم بفڕێ و هەڵگری سیستمێکی رادارە کە ڕووبەڕوی ڕووبەری 10میل پێش خۆی دەکات .

هەردووک باڵەکانی 56.42مەتر لەیەک دوورن و بەرزی فڕۆکەکە 12.40مەترە.



مانشێت



سکای نیوز:
بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ چین، دادگایەکی ئەمەریکی سزای 20ساڵ بەندکردنی بەسەر ئەندامێکی پێشووی سی ئای ئەی سەپاند .



ئەی ئێف پی:
هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئوسترالیا دەستی پێکرد و خەڵک ڕوویان کردە بنکەکانی دەنگدان .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیا کۆتایی بە دانوستان هێنا لەگەڵ حکومەت سەبارەت بە بڕێکزت .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە تۆمەتی یارمەتیدانی داعش، لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا دەسەلاتدارانی ڕووسیا چەند کەسێکیان دەستگیر کرد .



دۆیچە ڤیلە:
حکومەتی نەمسا بڕیاری قەدەغەکردنی باڵاپۆشی دا لە قوتابخانەکان .




فرانس 24:
سوپای ئیسرائیل بە موشەک هێرشی کردە سەر چەند پێگەیەکی سەربازی لەناو خاکی سوریا .

دەرهێنەری کورد ڕێبەر دۆسکی

دەمەوێت لە ڕێگای فیلمی سینەمای (محەمەد سدیق و پلنگ) وێرانکاری و بەسەرهاتە تراژیدیاو ناخۆشەکانی چەندین ساڵەی گەلەکەم بە جیهان بناسێنم


ڕێبەر دۆسکی بۆ پەیامنێری خەبات دەدوێت


دیمەنێک لە فیلمەکە




دەهێنەر لەکاتی تۆمارکردنی فیلمەکەی لە ناوچەی بارزان

دیهانە: موسلیم دۆلەمەڕی

بە دڕێژایی مێژوو گەلەکەمان لەژێر دەستی دوژمنان و ناحەزانان ستەملێکراو بووەو بە بەردەوامی شەهیدو قوربانیمان داوە بۆ ڕزگار بوونمان لە ژێردەستی دوژمنانمان . هەر بۆیە دوژمن دڕێغیان نەکردووە لە کیمیا باران و ئەنفال و وێرانکاری ولاتمان بۆ ئەوەی دەنگی ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەمان ببڕن ،بەڵام لە سایەی خوێنی هەزاران شەهیدمان گەیشتین بە ئازادی ئەمڕۆش دەیان نووسەرو ڕۆشنبیرو دەرهێنەری کورد هەیە کە ئازارو مەینەتی دەیان ساڵەی گەلەکەمان بۆ نووکی خامەی خۆیان بخەنە بەر چاوی جیهان)ڕێبەر دۆسکی) دەرهێنەری سینەمایی بەتوانای کورد لە ڕێگای فیلمەکانی ئازاری گەلەکەی خستۆتە سەر زاری جیهان کە ئێستاش خەریکی فیلمێکی نوێی سینەماییە لە دەڤەری بارزان و بەمشێوەیە تاییەت بۆ(خەبات) باسی لێکردو گوتی:

سەرەتا بە کورتی خۆی ناساند و گوتی :

من ڕێبەر دۆسکی لە ساڵی 1975لە گوندی شاورێکی لە پارێزگای دهۆک و ماوەی 25ساڵە لە هۆڵەندا دەژیم:

سەبارەت بە دەسپێکی کاری هونەری گوتی :

لە منداڵیەوە حەزی کاری هونەریم هەبوو ئەویش بەهۆی تەماشاکردنی تۆم و جیری کە بە بەردەوامی بیبرم لەوە دەکردەوە کە بزانم چۆن دروستکراوە تا ئەو کاتەی گەورە بووم و حەزەکانم بۆ دەرهێنەری گەشەیان کرد تا وایلێهات لە کۆلیژی فیلمسازی بەشی دەرهێنەری وەرگیرام لە هۆڵەندا توانیم پلەی باش لە دەرهێنەری وەرگرم و خزمەتی گەل و وڵاتم بکەم بە کاری دەرهێنەریم.

سەبارەت بە بەرهەمە سینەماییەکانی گوتی :

تاکو ئێستا زیاتر لە 13فیلمی سینەماییم هەیەو دەتوانم بڵێم خۆشبەختانە گشت فیلمەکانم لە کوردستان وێنەیان گیراوەو هەروەها زۆربەیان خزمەتکردنم بووە بە باسکردن لە ئازاری گەلی خۆم ناساندنی گەل و نیشتمانم بە جیهان ,کە بە ناوبانگترین فیلمم ، فیلمی ڕادیۆی کۆبانی بووە کە زیاتر لە چل خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە.

سەبارەت بە فیلمی نوێی ئێستا گوتی :

ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێکی نوێم بە ناوی (محەمەد سدیق و پلنگ) کە دەمەوێت بە بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمەم ئێش و ئازارو مەینەتی چەندین ساڵەی گەلەکەم بە چاوی جیهان بناسێنم، چونکە دۆمنانی کورد زۆلێکی زۆریان لەگەل و نیشتمانی ئێمە کردووەو کیمیاباران و ئەنفال و زیندە بەچال و سووتاندن و وێرانکاری تەنانەت ژینگەو گیانەوەرانی ئێمەشیان ، کوشتن و وێرانکردن ، بۆیە لەم فیلمەدا کە محەمەد سدیق کاراکتەریەتی وا نیشاندەدات کە بە ئاواتە پلنگ بگەڕێتەوە چیاکانی دەڤەری بارزان کە لە کۆندا پلنگی زۆر بووە بەڵام لە لایەن دوژمنانی کوردەوە لەناو براون. هەروەها ناوەرۆکی فیلمەکەم باس لە شەهیدان و ئەنفالەکان و کیمیابارانەکانمان دەکات بەبێ جیاوازی گشت ناوچەکانی کوردستان.

سەبارەت بە شوێنی وێنە گرتنی فیلمەکە گوتی :

دەتوانم بڵێم سەدا هەشتای فیلمەکەم لە دەڤەری بارزان وێنەی گیراوە لەهەر چوار وەرزی ساڵ بەشێکیش لە ناوچەکانی تری کوردستان وێنەی دەگیرێت وەکو سنووری پارێزگای دهۆک و سلێمانی.

سەبارەت بە وێنەگرو ئەندازیاری دەنگەکانی گوتی :

وێنەگرو ئەندازیاری دەنگی فیلمەکەم دوو ئەندازیاری هۆڵەندین وێنەگرەکەم ناوی ڕۆیەوە ئەندازیاری دەنگیشم ناوی (تیکۆیە) کە زۆر لێهاتو بە توانا ,وە هەروەها کاری مونتاژ کردنیشم هەر لە هۆڵەندا دەبێت.

سەبارەت بە هاوکاری مادەی لە کوردستان گوتی :

بەداخەوە هیچ کەس هاوکاری ماددیان ناکات لێرە وە هەتا بیرۆکەو پرۆژەکانیشمان وەرناگرن چەندین ساڵ پێش پرۆژەیەکم پێشکەشی لایەنی پەیوندار کرد بۆ بیرۆکەی بەرهەمهێنانی فیلم و کاری هونەری بەداخەوە تاکو ئێستاش هیچ وڵامیان نەدامەوە بۆیە ناچارم سەرچاوەی دارایی هەر لە هۆڵەندەوە پەیدا بکەم و خۆم بۆ خۆم هەوڵ بدەم و کارەکانم پێشبخەم و خزمەتی ولاتەکەم بەکەم بە کاری دەرهێنەری خۆم گەل و نیشتمانم بپارێزم.

سەبارەت بە کۆتاییهێنانی فیلمەکەی گوتی:

وەکو باسمکرد زیاتر لە سێ ساڵە خەریکی فیلمەکەم بە پێی بەرنامەکانمان دەبێت بۆ مانگی 10 کارەکانم تەواو ببێت چونکە دەبێت بۆ مانگی 11کاری مۆنتاژیشم تەواو بێت بۆ ئەوەی ئامادەبم بۆ بەشداریم لە فیستیڤالێکی نێودەوڵەتی فیلم کە لە مانگی 11دا دەستپێدەکات لە هۆڵەندا ,وە لە کۆتاییدا داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بە کاری دەرهێنەری و فیلمسازی بدەن و سینەمای نوێ و مۆدێرن دابمەزرێنن بۆ ئەوەی ولاتەکەمان وەکو زۆربەی ولاتانی جیهان لەم بوارەدا پێشکەوێت.

سوودەکانی بەخشینی خوێن بزانە



بە گوتەی ئەلیکساندەر سیگوا، شارەزا لە خزمەتگوزاریی بەخشینی خوێن : "بەخشینی یەک بوتڵ خوێن دەتوانێت ژیانی سێ کەس رزگار بکات و لە ولاتێکی وەکو ئەمەریکا بۆ هەر دوو چرکەیەک، کەسێک پێویستی بە خوێنی دەرەکی دەبێت".

سوودەکانی خوێن بەخشین ئەمانە: کەمکردنەوەی ڕێژەی ئاسن و خڕۆکەی سوور (بۆ ئەوانەی خوێنیان زۆرە)ئەنجامدانی پشکنینی خوێن و ئاگادارکردنەوەت لە کێشە تەندروستییەکان.بەخشینی هەر بوتڵێک خوێن سووتانی **650**کالۆری لەگەڵدایە لە ڕووی دەروونی و فیزیکییەوە خوێن بەخشەکە هەست بە باشبوون دەکات بە ڕێژەیەکی کەم نەخۆشییەکانی دڵ کەمدەکاتەوە.

ڕێژەی قەیرەیی زیاد دەکات

بە گوێرەی توێژینەوەی ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکوومی تایبەتمەند بە کاروباری ژنان، ڕێژەی قەیرەیی لەنێو کچانی عێراق **70%**ی تێپەڕاندووە، گرنگترین هۆکارەکانیش لە زیادبوونی قەیرەیی کچانیش لە کۆمەڵگەی عێراقی، خراپی باری ئابووری گەنجان و بێکاری و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانە.زیادبوونی ڕێژەی قەیرەیی لەنێو کچانی عێراق، گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و بووەتە دیاردە لەم وڵاتە.بەگوێرەی هەندێک لە توێژینەوەکان، کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی تایبەتمەند بە کاروباری ژنان، ژمارەی ڕەگەزی مێ لە عێراق زیاترە لە **18** ملیۆنە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش تەمەنی قەیرەیی کچانیان لە **35** ساڵییەوە ئەژمارکردووە، کە نەچوونەتە نێو پرۆسەی ماوسەرگیرییەوە.





ریکلامی کەنالەکان بۆ برنج و چای لەپای چی؟

هەندرین موفتی*

کە من خۆم بە چاوی خۆم زۆر ی ئەبینیم ڕیکلەمی زۆر لە کەنالە کوردییەکان لەسەر برنج یاخود چای ئەکرێت بەبێ ئەوەی باس لە وە بکرێ کە برنج یاخود چا چ سودێکی یاخود چی زەرێکی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ.برنج وە چای زەردر مەندە بۆ تەندروستی مرۆڤ چونکە برنج لە سەدا سەت مادەی کالۆرین تێدایا کە ئەبێتە هۆی زیادبونی کێشە، هۆییەکی تری ئەبێتە کاری زیاد بونی مادەی کۆلستڕین لە ناو خوێندا کە ئەبێتیە هۆی گیرانی دەماری بۆری خوێن ئەمەش ئەبێتە هۆی جەڵتەی دەماغ هۆیەکەش ئەوەیە برنچ لە سەدا سەد مادەی کالۆرین تیدایە کەواتە ئەبێتیت زۆر کەم برنچ بخۆین چونکە ئەبیتە هۆی قەڵەوی زیاد بونی کێش. چای خەست و شیرین ئەبێتە هۆی شکاندنی ئاسن لە ناو لەش چای شیرین ئەبێتە هۆی تووش بون بە نەخۆشی شەکرە، کەواتە کەنالی تەلەفزیونی کوردیەکان ڕیکلامی بۆچی ئەکەن ئەگەر برنج و چای زەردر بگەیەنن بەهاوولتیانمان؟ هاوولاتیان لە باتی برنج یاخود چای یاخود خواردنی برنخ با بیگۆڕن بە خواردنی ماسی با ماسی بخۆن یاخود باشترین شت ئەوەیەسەو زە و زەلاتە وە خواردنی گۆشتی ماسی وەگۆشتی بالندە بخۆن، وە زۆر وەرزش بکەن وە ئا گاداری تەندروستی خۆیان بن. بە هیوای ئەوەم کە تەندروستی هەمو مرۆڤیک لە کوردوستان ساغو سەلمەت بێیت

* سیاسەت مەداری کورد- ئەڵمانیا هەمبورگ

دوای 7 یاری، هەولێر یەکەم سەرکەوتنی لەسەر دەستی ئەکرەم سەلمان بەدەستهێنا



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئاردەلان هەولێری

لەگەڕی بیست وحەوتەمینی خولی نایابی عێراق رۆژی 18/5/2019 لەنێو یاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆهەریری ، یانەی هەولێر میوانداری یانەی ئەلحوسێن کرد، یانەی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان سێیەم یاری خۆی ئەنجامدا ، گێمی یەکەم دەستپێکرد و هەردووبانە بەپلانی هێرش بردن یارییان دەکرد، بەتایبەتی هێرشەکانی یانەی هەولێر پشت بەستن بەهاندەران و یاریگا زیاتر دەبینەران، لەدریژەی هێرشەکانی یانەی هەولێر بۆ سەر گۆڵی یانەی ئەلحوسێن لەخولەکی 28دا ناوبژیوانی یارییەکە لێدانێکی سزای بۆ یانەی هەولێر هەژمار کرد، یاریزان محەمەد جەفال توانی لێدانەکە بەسەرکەوتووی لێ بدات و گۆڵی یەکەم بۆ تیپەکەی خۆی تۆمارکرد، دوای ئەم گۆڵە یاریزانانی هەولێر بەپلانی بەرگری یارییان دەکرد و پاریزگاریان لەئەنجامی یارییە دەکرد، بەمشێوەیە گێمی یەکەمی یارییەکە بەسەرکەوتنی یانەی هەولێر بەتاکەگۆڵێکی بێ وەلام کۆتایی هات و هەولێر بەمتمانەوە ئەم گێمەی بەرێکرد.

گێمی دووەم دەستپێکرد و ڕاهێنەری یانەی هەولێر ئەکرەم سەلمان چەند گۆڕانکارییەکی لەپێکهاتەی تیپەکە ئەنجام دا بەمەبەستی تۆمارکردنی گۆڵی دووەم و متمانە لەتیپی بەرانبەر، بەم گۆڕانکارییە یانەی هەولێر فشارێکی زۆری خستە سەر تیپی بەرانبەر بەمەبەستی تۆمارکردنی گۆڵی دووەم، ئەوەبوو لەخولەکی 62دا لەرێگەی یاریزان محەمەد جەفال بەلێدانی سزا گۆڵی دووەم و متمانە بۆ یانەکەی تۆمار کرد، بەم شێوەیە تاکۆتایی یارییەکە ئەنجامی یارییەکە بەسەرکەوتنی یانەی هەولێر بەسەر یانەی ئەلحوسێن بەدوو گۆڵی خاوێن کۆتایی هات و یانەی هەولێر دوای 7 یاری یەکەم سەرکەوتنی لەیاریگای هەولێر لەسەر دەستی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان تۆمار کرد، بەم سەرکەوتنە یانەی هەولێر لەکۆی 27 یاری بەکۆکردنەوەی 32خاڵ لەپلەی دوازدەهەم جێگیر بووە.

هەرایەکی گەورەی لە بەریتانیا ناوەتەوە
خانەوادەی ئوسامە بین لادن پشتیوانی دارایی لە یانەیەکی ئینگلیزی کردووە



هاوار مورتکەیی

دادگایەکی بەریتانی بابەتێکی هەستیاری لە ململانێ لەسەر یەکلاییکردنەوەی سەرۆکایەتی بانەی شیفیلد یونایتدی ئینگلیزی ئاشکرا کرد بەوەی کیڤیک مەکاپی خاوەنی ئەو یانەیە لەلایەن خانەوادەی ئوسامە بین لادنی سەرۆکی پێشووی رێکخراوی قاعیدەوە پشتگیری دارایی پیگەیشتووە.

هەواڵەکانی دانیشتنەکانی ئەو دادگایە دزەی کرد بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانی و ئەمەش هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە بەتایبەتیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تویتەر و فێیسبووک، بەگوێرەی ئەو هەواڵانەشەوە کە لە رۆژی چوارەمی دادگاکانی هاتوون بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر داواکارییەکە بدەن کە لە ساڵی 2017بەشێوەی قەرز یانەی شیفیلد یونایتدی ئینگلیزی بڕی 3 ملیۆن یورۆی لەیەکێک لە ئەندامانی خانەوادەکەی ئوسامە بن لادن وەرگرتووە.

هەریەک لە کیڤن مەکاپی و عەبدوڵا بن عەبدولعەزیز ئال سعود بەجبا 50% پشکیان لەو یانەیە هەیە، ئەمانە رکابەری دەکەن لەپێناو سەرۆکایەتی کردنی ئەو یانەیە، لەم ملمانێیەشدا کارەکە گەیشتە دادگا لەپێناو یەکلای ئەوەدەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ساڵی 2017بەشێوەی قەرز یانەی شیفیلد یونایتدی ئینگلیزی بڕی 3 ملیۆن یورۆی لەیەکێک لە ئەندامانی خانەوادەکەی ئوسامە بن لادن وەرگرتووە.

هەریەک لە کیڤن مەکاپی و عەبدوڵا بن عەبدولعەزیز ئال سعود بەجبا 50% پشکیان لەو یانەیە هەیە، ئەمانە رکابەری دەکەن لەپێناو سەرۆکایەتی کردنی ئەو یانەیە، لەم ملمانێیەشدا کارەکە گەیشتە دادگا لەپێناو یەکلای کردنەوە و لەدادگاشەوە چەندین ڕاستی ئاشکرابوون سەبارەت بەپشتیوانی دارایی یانەی شیفیلد یونایتد، ئاندریاس گیلدهێل کە پاریزەری عەبدوڵا ئال سعودە لەدادگا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە مەکاپی دەزانێ لەکێ ئەو پشتیوانییە دارایییەی بۆ هاتووە، هەروەک رۆژنامەکانی بریتانیا بڵاویان کردەوە ڕوونیان کردۆتەوە کە گیلدهێل دووپاتی کردۆتەوە ئەو پشتیوانە دارایییە لە لایەن یەکێ لە ئەندامانی خێزانی ئوسامە بن لادنەوە بووە، لەبەرامبەردا مەکاپی ئەمەی ڕەتکردۆتەوە و بەگاڵتەجاری ناوی بردووە.

بەپێی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەش بەدواداچوون لەو ئیمێلانەی کەسێک بەناوی جیریمی توتۆن کە هاوڕێیەکی مەکاپییە کراوە و ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی شیفیلد یونایتدیشە لە ساڵی 2017، ئەم کێشەیە هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بەریتانیا چەند ڕۆژێکە پرسەکەیان زیاتر وروژاندووە و بەمەترسی کەوتنەوە لە سەر پرێمەرلیگ ئاماژەی بۆ دەکەن، بەتایبەتیش کە یانەی شیفیلد بونایتد ڕاستەوخۆ لەوەرزی داهاتوو لە خولی یانە نایابەکانی ئینگلیزی یاری دەکات کە شانبەشانی نۆریچ سیتی سەرکەوتن.

عەبدولسەمەد خۆشناو
دەبێتە کۆمێنتاری یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ



کۆمینتاری گەنجی شاری هەولێر، عەبدولسەمەد عەبدولستار، کە بە عەبدولسەمەد خۆشناو ناسراوە، توانی پلەی یەکەم لە پێشبڕکێی کۆمێنتاران لە کەنالی (بی ئین سپۆرت) بەدەست بێنێت، کە لە میانی بەرنامەی (ئەلۆ بین) دەنگی بۆ دەدرا. ئەمەو بێجگە لە عەبدولسەمەد، کۆمینتارێکی دیکەی کوردیش گەیشتە قۆناغی کۆتایی، ئەویش کۆمێنتار، هێژا ئیسماعیل، بوو لە شاری دهۆکدا. مایەی دڵخۆشییە، کە دوو لاوی کورد بتوانن لە کەنالێکی عەرەبی وا گەورە بگەنە قۆناغی کۆتایی، هەرچەندە ئەوان عەرەب نین و زمانی دایکیشیان کوردییە. سێ کەس گەیشتنە قۆناغی کۆتایی، کە بەدەنگدانی خەڵک بوو، لەوانە دووانیان کوردی خەڵکی باشووری کوردستان (شارەکانی هەولێر و دهۆک) بوون. لە دەنگدانی کۆتاییدا، هێژا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا ، بەشداربووەکەی دیکە، کە ناوی مەڕوان و خەڵکی وڵاتی میسڕ بوو، پلەی دووەمی بەدەستهێنا ، پلەی یەکەمیش بەر، عەبدولسەمەد خۆشناو کەوت، کە توانی زیاتر لە 32%دەنگەکان بەدەست بێنێت.

عەبدولسەمەد،دوای هاتنی بە پلەی یەکەم، دڵخۆشی خۆی بەو سەرکەوتنە دەربڕی و سوپاسی ئەوانەی کرد، کە یارمەتیان داوە، یان دەنگیان بۆی داوە. شیاوی باسکردنە براوەی ئەو بەرنامەیە، کە عەبدولسەمەد خۆشناوە، دەبێتە کۆمێنتاری یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، کە بڕیارە لە ڕێکەوتی 1ی حوزەیرانی داهاتوو، لەسەر یاریگەی واندا میترۆ پۆلیتانۆ، یاریگەی تایبەتی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا ، لەنێوان یانەکانی لیڤەرپوول و تۆتنهام بەڕێوە بچێت، دووریش نییە کەنالی بی ئین سپۆرت، گڕێبەست لەگەڵ ئەو کۆمێنتارە کوردە بکات و بە یەکجاری ببێتە کۆمێنتاری ئەو کەنالە زەبەلاحە، هاوشانی کۆمێنتارە بەناوبانگەکانی کەنالەکە، عیسام شەوالی، ڕەئووف خلێف، یوسف سەیف، عەلی محەمەد عەلی، خەلیل بلوشی، حەفیز دەراجی، سیوار زەهەب و ئەوانی دیکە. هیوای سەرکەوتن بۆ کاکە عەبدولسەمەد، دەخوازین و هیوادارین لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت و سەری کورد و کوردستان بەرز بکاتەوە.

ڕەمزی میرەکانی

گریزمان: ناتوانم بە مێسی بڵێم نا



رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی بڵاوی کردەوە کە مێسی هاندەری سەرەکی گریزمان بووە بۆ ئەوەی بڕیار لەوە بدات ریزەکانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید جێبهێڵێت، رۆژنامەکە زیاتر گوتویەتی: لەکاتی کۆبوونەوەی گریزمان لەگەڵ میجیل ئەنخل جیل مارین بەڕێوەبەری یانەی ئەتلەتیکۆ و دیگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەر و ئەندریا بیرتا بەڕێوەبەری وەرزشی ئەو یانەیە گریزمان تەنها ئەوەندەی وتووە (ناتوانم بە مێسی بڵێم نا).

رۆژنامەی سپۆرت ئەمەی وا لێکداوەتەوە کە کە مێسی ئەو یاریزانەی ڕازی کردووە و قەناعەتی پێهێناوە بچێتە بەرشلۆنە، بۆ ئەمەش ئەو یاریزانە فەرەنسیە پەنا بۆ مەرجێک لە گرێبەستەکەی دەبات کە لەسەرەتای مانگی داهاتوو لە 200ملیۆن یورۆوە بێتە خوارەوە بۆ 120ملیۆن یورۆ.

فیفا گۆڵەکەی کچەکەی محەمەد سەلاح بە گۆڵی وەرز وەسف دەکات



لەیارییەکەی لیڤەرپوول و ولڤەرهامپتۆن کە لە دواگەڕی خولی ئینگلیزی بەڕێوەچوو، ڕێک دوای فیکەی ناوبژیوان، (مەککە) کچەکەی محەمەد سەلاح چووە ناو یاریگاو بەرەو تۆپەکە چوو، پێی لەتۆپەکەدا و ڕووی لە گۆڵ کرد، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیشیدا جەماوەر هاواریان بۆ دەکرد و دەیان گوت: (گۆڵززز گۆڵ) ، کچەکەی سەلاح تۆپەکەی خستە ناو گۆڵەوە و جەماوەری یاریگا هەر هەموویان هاواریان لێ هەڵسا (گۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆڵ) ، لەهەمووی سەیرتر ئەکاونتی فەرمی یەکیتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە تویتەر بەعەرەبی پۆستیکی کرد و نوسیبووی: گۆڵەکەی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 19. Apr. 2019 No: (5752)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خۆبەخشانە دەستی لاوان دەگرێت و فێری هونەری ڕەسەنی کوردیان دەکات

ژێگر کزۆیی: ئامێری عود لەگەڵ ڕۆح و خوێنم تێکەڵ بوون


ژێگر کزۆیی بۆ پەیامێری خەبات دەدوێت

ساسان دەروێش – دهۆک

لە دوای چەندین ساڵ دابڕان لە شاری دهۆکی ڕەنگین ، کە چەند ساڵێک لە شەڕی نێوخۆ ئاوارەی ئەو شارەبووم و لە ئامێزی گەرمی خۆیان گرتم ، لەوکات و ساتەدا تێکەڵ بەکاری ڕۆشنبیری و هونەری وسیاسییان بووم زۆر کەسایەتی بەرێزم تێدا ناسی وبوونە دۆست وهاوڕێی دڵسۆز ، ئەمڕۆش لە گەشتێکم بۆ کوردستان و سەردانیکردنم بۆ ئەم شارە دڵگیرە و گەڕان لە نێو شەقام و گەڕەکەکانی شار و بەر فراوان کردن وپڕلە ئاوەدانی جیاوازیەکی گەورەم بەدی کرد ، ئەوەی کە زۆر خۆشحاڵی کردم و سەرسام بووم بەدیداریان کۆمەڵێک لاوی تازەپێگەیشتووبوو لە تەلارێکدا خەریکی کاری هونەری بوون لە نێوەندیاندا خۆبەخشانە مامۆستایەکی هێمن و لەسەرخۆ بەناوی (عەبدولستار محەمەد) لەگەڵیان ئەدوا و فێری وانەی میوزیکی دەکردن، بۆ بەرزنرخاندنی کار و بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە و باسکردن لە ژیانی ئەم دیمانەیەم بۆ خەبات لەگەڵ سازکرد:

عەبدولستار محەمەد ناسراو بە (ژێگر کزۆیی) دانیشتووی شاری دهۆکی ڕەنگین ، ئەو گەنجەی کەڕۆحی لەگەڵ ژەنینی ئامێری عود تێکەڵبووە و 15 ساڵە ژەنیاری ئامێری عود و ساز و پیانۆیە و دڵی پڕپڕە لە هیواو گەیشتن بە ئامانجەکانی ، کە خۆی دەڵێ هەموو خەونم ئەوەبوو لە زانکۆیەکی هونەری بخوێنم وپلەی بەرزی میوزیک بەدەستبهێنم، هەنگاوەکانم خێراترکردووە بۆ ئەوەی پێبگەم و خزمەتی کوردستانی پێ بکەم ، ئەوەی جێگایی ستایش و ڕێزگرتنی ئەم هونەرمەندەیە شۆینێکی سنووری پاریزگایی دهۆک نەماوە کە ژێگر کاروچالاکی خۆبەخشی تیدا ئەنجام نەدابێت ، جا هەر لە بەشداریکردن لە بۆنە و چالاکیە هونەریەکان و تا فێرکردنی ئامێری عود و ساز وپیانۆ بەوکەسانەی کە دەیانەوێ فێری ژەنینی ئەو ئامێرانەبن . کزۆیی لەم دیمانەیەدا بۆ خەبات ئامارە بەوە دەکات ، کە هەر لە منداڵییەوە هیوای ئەوەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان بێ بەهونەرمەندێکی پێش چاو وبتوانێت شۆین پەنجەکانی لەسەر هونەری کوردی بهێڵێت ، کە تەمەنی 12ساڵان دەبێت خۆی فێری میوزیک دەکات بەتایبەتی ساز دواتر عود هەڵدەبژێرێت کە بەگونجاوی دەزانێ لەگەڵ خەونەکانی. بۆ ئەم مەبەستەش بێجگە لە ژەنینی ئامێری عود و ساز و پیانو لە هەمان کاتدا شیعریش دەنووسێت و ئاوازیان بۆ دادەنێت ، هەندێک لە شیعرو ئاوازەکانیشی بە هەندێک لە گۆرانییبێژە تازە پێگەیشتووەکان داون و کراون بەگۆرانی ، ژێگرکزۆیی زۆر سەرسامە بە هونەرمەندە ڕەسەنەکانی کورد وەک (تەحسین تەها ، ئەردەوان زاخۆیی ، کاوێس ئاغا و سەعید ئاغا و شەماڵ سائیب و کەریم کابان و مشکۆ و محەمەد شێخۆ ومحەمەد عارف) کە بەقسەی خۆی دەڵێت ئەم هونەرمەندە کوردانە زۆر کاریگەرییان لەسەری هەبووە بۆعاشق بوون بەمیوزیک و ئەو جیهانە بەرفراوانەی هونەر، ژێگر کزۆیی لە ئێستادا لە شاری دهۆکی گوڵە سوورەکەی بادینان وەک مامۆستای میوزیک خەریکی فێرکردنی بەشێک لە خوێندکارەکانییەتی و لەسەر فێربوونی ئامێرەکانی عود و ساز و پیانۆ پەروەردەیان دەکات ، ئەوەی کە کزۆیی لە میوزیک ژەنەکانیتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندە بەدوای ئەو گەنجە بەهەردارانەدا دەگەڕێیت کە دەنگێکی باشیان هەیە وتوانای ماددیان زۆر لاوازە ئەوانە دەهێنێتە ناو دونیای هونەری و هاوکاریان دەکات تاکو خۆیان ڕێگا دروستەکە دەدۆزنەوە و لەسەرێێ خۆیان دەوەستن ولە ئایندەدا خزمەت بە گەل و نیشتیمانەکەیان بکەن.

لە کۆتایشدا خۆی زۆر بەبەختەوەر زانی کە پەیامەکانی لە ڕۆژنامەی خەبات دەگەنە هەوادارانی هیوای ئەوەش خواست کە خەبات هەمیشە مالی هونەرمەندان بێت .



تەمەن دەبێتە نۆبەرەی کارەکانی چەلەنگ مید حوسێن

ئا: تڕانا زرار

جگە لە جێگری کۆڕی ، کۆڕێکی دیکەی هونەرمەند میدیا حوسێن دەبێت بەگۆرانیبێژ.

چەلەنگ میدیا حوسێن دەبێتە دووەم کۆڕی ئەو هونەرمەندە لە بواری گۆرانی گوتندا دەردەکەوێت و یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاودەکاتەوە.گۆرانی تەمەن ، نۆبەرەی کارە هونەرییەکانی چەلەنگ میدیا حوسێنە.

چەلەنگ ، بەنیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا چەند تێکستێکی هونەرمەند میدیا حوسێنی باوکی بکات بەگۆرانی و بڵاوییان بکاتەوە.گۆرانی تەمەنیش هۆنراوەکەی لەلایەن ڕەشوان گەردیی نوسراوە، ئاوازەکەشی خۆی داینواوە، کاری ئەرێنج و میکس و ماستەرینی لەلایەن شادمیر نامۆ بۆ کراوە.

لە گۆرانی تەمەن جەمال چلبیان بەئامێری کەمان بەشداوە، شادمیر نامۆ لە وڵاتی سوید کارەکانی ستۆدیۆی بۆکردووە، ریکوردی دەنگ لە پرۆستۆدیۆ کراوە.

ئیقانێک لە کەناری ئەڵوەنەوە بۆ هەموو کورستان



خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

کچە شێوەکاری خانەقین ئیقان عەبدوڵا فەرەج لەدایکبوی **1995**ی شاری بەغدایە و دەرچوی کۆلێژی ئەندازیاریە، بەڵام ساڵانێکە دەستی کردوەتە بەکاری هونەری وێنەکێشان وتابلۆکانی لە هەر پێشانگایەکدا بەشداری پێ بکات ئامادەبوان سەرسام دەکات ، وەک خۆیێ وتی :من لە منداڵیەوە بە هەڕەمەکی وێنە دەکێشم و لە خێزانێک گەورە بوم کە خولیای هونەریان هەبووە بۆیە ئارەزوم بۆڵای وێنە کێشان ڕۆشت و توانیم تێیایدا سەرکەوتو بم و کۆڵێش نادەم هەتاوەکو دەبە هونەرمەندێکی جیهانی بۆ ئەوەی ناوی کوردستانی پێ سەربەرز بکەم . تابلۆکانم مانای جیاواز دەبەخشێ و زۆربەیان بەزەیت ئەیانکێشم و جارجاریش بە (فەحم) وێنە دەکێشم.



وەرزشوان لەمانگی ڕەمەزاندا چۆن وەرزش بکات؟

نەهز ڕۆستایی: چەند خاڵێک هەیە پێویستە لەبەر چاو بگیرێ وەک چۆن شارەزایان ئاماژە بەچەند ئامۆژگارییەک دەکەن لە کاتی مەشقکردندا لە مانگی ڕەمەزاندا:

– خواردنەوەی ئاو: پێویستە ئاو لەکاتی مەشقکردن زۆر بخورێەوە، چونکە بەهۆی ڕۆژو جەستە شلەیەکی زۆر لەدەست دەدات.

– پێویستە خۆت لە وەرزشە زەحمەت و قورسەکان بەدوور بگریت و ژەمێکی سوک بخۆیت وەکو قەسپ و شەربەت، بۆ بەخشنی ووزە بەجەستە.

– خۆ بەدوورگرتن لەو خواردن و خواردنەوانەی کافاییەنیان تێدایە، وەکو قاوە، چای ، کۆلا، کەوادەکات میز زۆر بکەیت و شلەی جەستە کەم بێتەوە.

– خواردنی ژەمی هاوسەنگ: کە هەر ژەمێک لەم تۆخمانە پێک هاتبێ:

– کاربۆهیدرات: نان، برنج، مەحکەڕۆنی، پەتاتە

– پڕۆتینیات: بەرهەمەکانی شیرەمەنی، مریشک، ماسی

– سەوزەو میوەی جیاواز

– چەوری: زەیتی زەیتون، نۆک، تەحین



باکووری کوردستان.. مۆزەخانەیەک بۆ گیانلەبەرە دەریاییەکان